گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٣)، هاوینی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# کاریگەری ستراتیژیەتی فێرکردنی هەمەجۆر لە گەشەپێدانی دەستکەوتی زانیاری قوتابیانی پۆلی دوازدەهەمی وێژەیی و پارێزگاریکردنی لە بابەتی جوگرافیادا

**پەخشان حویز حسن**
زانستە کۆمەڵایەتییەکان ، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی ، زانکۆی سەلاحەددین ، هەولێر، هەرێمی کوردستان-عێراق .
Paxshanhawez88@gmail.com

**پ.د.حسین سعدی ابراهیم**
یاریە تاکەکان ، کۆلێژی پەروەردەی جەستەیی و زانستە وەرزشیەکان ، زانکۆی سەلاحەددین ، هەولێر، هەرێمی کوردستان-عێراق .
hussein.ibrahim@su.edu.krd

**پ.ی.د.سیروان عارب صادق**
زانستە کۆمەڵایەتییەکان ، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی ، زانکۆی سەلاحەددین ، هەولێر، هەرێمی کوردستان-عێراق .
serwan.sadiq@su.edu.krd

**زانیاریەکانی توێژینەوە**

**بەرواری توێژینەوە:**
وەرگرتن: ٢٠٢١/٥/٢٤
پەسەندکردن: ٢٠٢١/٧/٤
بڵاو کردنەوە: هاوینی ٢٠٢١

**پوختە**

فێرکردنی هەمەجۆر یەکێکە لە ستراتیژیەتە هاوچەرخەکان کە لەم توێژینەوەیەدا لە وتنەوەی بابەتی جوگرافیای پۆلی دوازدەهەمی وێژەیی تاقیدەکرێتەوە.
بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ئەم توێژینەوەیە ، توێژەر ئەم پرسیارانەی خوارەوەی داڕشتووە:

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٣)، هاوینی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

1- ئایا ستراتیژیەتی فێرکردنی هەمەجۆر کاریگەری دەبێت لە گەشەپێدانی دەستکەوتی زانیاری قوتابیانی پۆلی دوازدەهەمی وێژەیی لە بابەتی جوگرافیادا؟
2- ئایا فێرکردنی هەمەجۆر کاریگەری دەبێت لە بەرزکردنەوەی ئاستی پارێزگاریکردنی دەستکەوتی زانیاری قوتابیانی دوازدەهەمی وێژەیی لە جوگرافیادا؟

ئەم توێژینەوەیە ئەم ئامانجانەی خوارەوە لەخۆدەگرێت:
1- دەستنیشانکردنی کاریگەری ستراتیژیەتی فێرکردنی هەمەجۆر وستراتیژیەتی ئاسایی لە گەشەپێدانی دەستکەوتی زانیاری وپارێزگاریکردنی جوگرافیا بۆقوتابیانی دوازدەهەمی وێژەیی لە قوتابخانەی ئامادەیی چناری کچان لە هەولێر.
2- دەستنیشانکردنی جیاوازییەکانی کاریگەری لە گەشەپێدانی دەستکەوتی زانیاری وپارێزگاریکردنی لە بابەتی جوگرافیا بۆ کۆمەڵەی ئەزموونی وکۆنترۆڵکراو بۆ تاقیکردنەوەی دەستکەوتی زانیاری وپارێزگاریکردن.

توێژەر ڕێبازی ئەزموونی بەکارهێناوە و پشتیبەست بە نەخشەسازی بۆ دوو کۆمەڵە:کۆمەڵەی ئەزموونی وکۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو،بەشێوەیەك کۆمەڵەی ئەزموونی بە ستراتیژیەتی فێرکردنی هەمەجۆر وانەیان پێگوتراوە،کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراویش وانەیان پێگوتراوە بە ستراتیژیەتی ئاسایی،لە کۆتاییشدا تاقیکردنەوەی دەستکەوتی زانیاری بۆ کۆمەڵەکان ئەنجامدراوە،و دوای تێپەربوونی(14ڕۆژ) دووبارە تاقیکردنەوە لە دەستکەوتی زانیاری (تاقیکردنەوەی پارێزگاریکردن) ئەنجام دراوە، توێژەر(Spss) بەکارهێناوە بۆ دەرهێنانی ئەنجامەکان،وە لە ژێر ڕۆشنایی ئەنجامەکانی توێژینەوەکە،توێژەر گەیشتە ئەم دەرئەنجامانە:

**ووشە سەرەکییەکان**
Strategy, Differentiated Instruction, Cognitive Achievement, Retaining Achievement, Geography

Doi:
10.25212/lfu.qzj.6.3.12

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٣)، هاوینی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

1- بەکارهێنانی فێرکردنی هەمەجۆر کاریگەری هەیە لەسەر دەستکەوتی زانیاری،زیاتر لەو کاریگەریەی کە ستراتیژیەتی ئاسایی هەیەتی.
2- فێرکردنی هەمەجۆر بنەمای هاریکاری بەدەستهێنا لەنێوان مامۆستا و قوتابیان،وە لەنێوان خودی قوتابیان لە کاتی کارکردنیان بەشێوەی گروپ.
3- سەرکەوتنی کۆمەڵەی ئەزموونی بەسەر کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو لە بڕی پارێزگاریکردنی بابەتەکە.
4- ئەنجامەکان سەلماندیان کە نزیك بوون هەیە لەنێوان تاقیکردنەوەی پاشەکی یەکەم وپاشەکی دووەم لە کۆمەڵەی ئەزموونی.
5- جیاوازی هەیە لە نێوان تاقیکردنەوەی پاشەکی یەکەم وپاشەکی دووەم لە کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو.

## 1. پێناسەی توێژینەوەکە:

### 1-1 پێشەکی و بایەخی توێژینەوەکە:

سەردەمی ئێستا بەهۆی تێپەڕبوونی بە پێشکەوتنی فراوان لە بواری زانستی و تەکنەلۆجیا، بەرپرسیاریەتییەکی زۆر دەخاتە سەر لێپرسراوانی پەروەردەیی لە کۆمەڵگاکاندا ، چونکە پەروەردە پرۆسەیەکی مرۆییە و پێویستییەکی ژیانە و بناغەیەکی سەرەکیە بۆ پێشخستنی کۆمەڵگا ، بۆیە پەرەپێدانی پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن ئامانجێکی ستراتیژی گرنگە کە پێویستە کۆمەڵگاکان هەوڵی بەدەستهێنانی بدەن . وە بەهۆی پشتبەستنی کرداری فێرکردن بە ستراتیژیەت و ڕێگا و شێوازەکانی وانەوتنەوە پێویست دەکات کار لەسەر پەرەپێدان و باشترکردنیان بکرێت ، هەربۆیە شارەزایان و پسپۆڕان لە هەوڵی بەردەوام دان بۆ دۆزینەوەی ستراتیژیەت و ڕێگای فێرکردنی نوێ چونکە بەکارهێنانی ستراتیژیەتی وانەوتنەوەی هاوچەرخ بەشداری لە گۆڕینی ڕۆڵی قوتابی دەکات لە دۆخێکی نەرێنییەوە بۆ ڕۆڵێکی چالاك و زیندوو ، تاکو قوتابی بە دوای زانیاری نوێدا بگەڕێت و بەرهەمهێنی بیرۆکە و بۆچوونی نوێش بێت .

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٣)، هاوینی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

فێرکردنی هەمەجۆر بە یەکێك لە گرنگترین ستراتیژیەتە هاوچەرخەکانی وانەوتنەوە دادەندرێت کە زۆربەی وڵاتان دەستیان کردووە بە بەکارهێنانی و جێبەجێکردنی،بەهۆی ڕەچاوکردنی پێداویستی و خواست و تایبەتمەندییە جیاوازەکانی قوتابیان،بۆیە بە شێوەیەکی گشتی بیرۆکەی سەرەکی فێرکردنی هەمەجۆر لە وانەوتنەوە بریتییە لە پەسەندکردنی ئەو ڕاستییەی کە قوتابیان جیاوازن لە پاشکۆی زانیاری و ئاستەکانی دەستکەوت،بەوهۆیەوەش دەبێت چاوەڕێی ئەوەیان لێبکرێت کە جیاواز بن لە ڕێژەی پێشکەوتنیان لە خوێندن ، بۆیە پێویستییان بە هەمەجۆرییە لە ئەرکەکانی فێربوون لەناو پۆل بۆ ئەوەی باشترین ئەنجام بە دەست بهێنن کە لە توانایاندا هەیە ( عبدالرحمن ، 2019 ، ل1-2 ) وە بیرۆکەی فێرکردنی هەمەجۆر لە ساڵی (1989) شوێنی خۆی گرت کاتێك کە بەیاننامەی مافەکانی منداڵ ڕاگەیەندرا ، ئینجا لە ساڵی (1990) کۆنفرانسی جیهانی بۆ پەروەردە لە جومتیان بەسترا و دوای ئەویش کۆنفرانسی داکار لە ساڵی (2000) بەسترا کە ڕاسپاردەی کرد بە ( فێرکردن بۆ هەمەجۆر و هەمەجۆری بۆ هەمووان )،وە ڕاسپاردەکانی ئەم کۆنفرانسانە سەرنجیان خستە سەر بە هەند وەرگرتنی جیاوازییەکانی نێوان قوتابیان ، بەهۆی ئەوەی قوتابیان بە ڕێگای جیاواز فێر دەبن بۆیە پێویستە پرۆگرامەکان و ڕێگاکانی وانەوتنەوە هەمەجۆر بکرێن بە شێوەیەك کە گشت قوتابیان بگەن بەو فێرکردنەی کە دەگونجێت لەگەڵ تایبەتمەندییەکانیان،وە لە هەمان کات هەموویان بەرزترین دەستکەوتی خوێندن بە دەست بهێنن لە چوارچێوەی تواناکانیان و وە بتوانن بۆ ماوەیەکی درێژیش پارێزگاری لە دەستکەوتی زانیاریەکانیان بکەن ، بۆیە ستراتیژیەتی فێرکردنی هەمەجۆر بە یەکێك لە گرنگترین ستراتیژیەتە هاوچەرخەکانی وانەوتنەوە دادەنرێت،کە زۆربەی وڵاتان دەستیان کردووە بە بەکارهێنان و جێبەجێکردنی لە کرداری فێرکردن ، ئەویش بەهۆی ڕەچاوکردنی پێداویستی و خواست و گرنگیپێدانە جیاوازەکانی قوتابیان ( کوجك و ئەوانی تر ، 2008 ، ل12 ) .

2-1 کێشەی توێژینەوەکە:

کرداری فێرکردن ڕووبەڕووی کۆمەڵێك گرفت و ئاستەنگ دەبێتەوە بەتایبەت ئەوەی کە پەیوەستە بە نزمی ئاستی دەستکەوتی زانیاری قوتابیان لە قۆناغە جیاوازەکانی خوێندن ، چونکە لاوازی دەستکەوتی خوێندن کێشەیەکی ڕاستەقینەیە کە قوتابی و مامۆستا و خێزان و کۆمەڵگای

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٣)، هاوینی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بێزارکردووە ( سبیتان ، 2010 ، ل5 )،وە لە ئێستاشدا بەرپرسانی بواری پەروەردە و فێرکردن لە هەوڵی بەردەوامدان بۆ دۆزینەوەی ئەو فاکتەرانەی کە هۆکارن بۆ نزمی دەستکەوتی قوتابیان،بەشێوەیەك کە زۆرێك لە توێژەران و دەروونناسان پێیان وایە کە یەکێك لە گرنگترین ئەو فاکتەرانە بریتییە لە بەکارهێنانی ئەو ڕێگا و شێوازە کۆنانەی کە پێداویستییەکانی دەستکەوتی قوتابیان دابین ناکات لە بابەتەکانی خوێندن بەشێوەیەکی گشتی و بابەتی جوگرافیا بەشێوەیەکی تایبەت ( محمد ، 2014 ، ل1 )،بۆیە توێژەر پێی وایە کە بەرزکردنەوەی ئاستی دەستکەوت و پارێزگاریکردنی دەستکەوت کردارێکی ئاسان نیە کە پەروەردە دەیگرێتە ئەستۆ ، بەڵکو پێویستی بە شارەزایی و بەکارهێنانی چالاکییەکە کە گرنگی بدات بە گشت قوتابیان و ڕەچاوی جیاوازی نێوانیان بکات ، کە ئەم چالاکییەش خۆی دەبینێتەوە لە بەکارهێنانی ستراتیژیەتە هاوچەرخەکانی وانەوتنەوە لە بابەتی جوگرافیادا لەوانە ستراتیژیەتی فێرکردنی هەمەجۆر کە لەم توێژینەوەیەدا لە وتنەوەی بابەتی جوگرافیای پۆلی دوازدەهەمی وێژەیی تاقیدەکرێتەوە.

بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ئەم توێژینەوەیە ، توێژەر ئەم پرسیارانەی خوارەوە دادەڕێژێت:

1- ئایا ستراتیژیەتی فێرکردنی هەمەجۆر کاریگەری دەبێت لە گەشەپێدانی دەستکەوتی زانیاری قوتابیانی پۆلی دوازدەهەمی وێژەیی لە بابەتی جوگرافیا؟

2- ئایا ستراتیژیەتی فێرکردنی هەمەجۆر کاریگەری دەبێت لە بەرزکردنەوەی ئاستی پارێزگاریکردنی دەستکەوتی زانیاری قوتابیانی پۆلی دوازدەهەمی وێژەیی لە بابەتی جوگرافیا؟

1-3 ئامانجەکانی توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوەیە ئەم ئامانجانەی خوارەوە لەخۆ دەگرێت:

1- دەستنیشانکردنی کاریگەری ستراتیژیەتی فێرکردنی هەمەجۆر و فێربوونی ئاسایی لە گەشەپێدانی دەستکەوتی زانیاری و پارێزگاریکردنی لە بابەتی جوگرافیا بۆ قوتابیانی کچی پۆلی دوازدەهەمی وێژەیی لە قوتابخانەی ئامادەیی چناری کچان لە ناوەندی پارێزگای هەولێر.

2- دەستنیشانکردنی جیاوازییەکانی کاریگەری لە گەشەپێدانی دەستکەوتی زانیاری و پارێزگاریکردنی بابەتی جوگرافیا بۆ قوتابیانی کچی پۆلی دوازدەهەمی وێژەیی بۆ کۆمەڵەی ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو بۆ هەردوو تاقیکردنەوەی پاشەکی دەستکەوتی زانیاری و پارێزگاریکردنی دەستکەوتی زانیاری.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٣)، هاوینی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

4-1 گریمانەکانی توێژینەوەکە :

بۆ بەدیهێنانی ئامانجە دیاریکراوەکانی توێژینەوەکە،چەند گریمانەیەك دادەڕێژرێت،کە بریتین لە:

1- جیاوازییەکی بەهاداری ئاماری نیە لە ئاستی (0.05) لە نێوان ناوەندەژمێری نمرەکانی قوتابیانی کۆمەڵەی ئەزموونی و کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو لە تاقیکردنەوەی دەستکەوتی زانیاری .

2- جیاوازییەکی بەهاداری ئاماری نیە لە ئاستی (0.05) لە نێوان ناوەندەژمێری نمرەکانی قوتابیانی کۆمەڵەی ئەزموونی و کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو لە تاقیکردنەوەی پارێزگاریکردنی دەستکەوتی زانیاری.

5-1 سنوری توێژینەوەکە:

توێژەر توێژینەوەکەی سنووردار کرد لەم لایەنانەی خوارەوە:

1- لایەنی مرۆیی: قوتابیانی پۆلی دوازدەهەمی وێژەیی لە قوتابخانەی ئامادەیی چناری کچان لە هەولێر .

2- لایەنی ماوەیی:وەرزی یەکەمی ساڵی خوێندنی (2020–2021) لە 2021/1/23 تاوەکو 2021/3/16.

3- لایەنی زانیاری:بەشی سێیەم و چوارەم لە پەرتووکی جوگرافیای ئابووری پۆلی دوازدەهەمی وێژەیی.

6-1 پێناسەکردنی دەستەواژەکان:

1-6-1 کاریگەر:

بڕی ئەو گۆڕانەیە کە ڕوودەدات لە گۆڕاوی پاشکۆ پاش خستنەبەر کاریگەری گۆڕاوێکی سەربەخۆ (حربي و عبدالکاظم،2019،ل75).

2-6-1 ستراتیژیەت:

هونەری هەماهەنگی و ڕێکخستنی کردە فێرکارییەکانە بۆ بەدەستهێنانی چەند ئامانجێکی دیاریکراو لە چەند بارودۆخێکی دیاردا،کە چەندین ڕێگا و شێواز و توانا لەخۆدەگرێت (سالم،2006،ل2).

3-6-1 ستراتیژیەتی فێرکردنی هەمەجۆر:

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٣)، هاوینی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ســـتراتیژیەتێکی وانەوتنەوەیە کە ڕەچاوی تایبەتمەندی و توانا و ئارەزووەکانی قوتابی دەکات بۆ گەیشتن بە یەك ئامانجی فێرکردن بە کردار و ئامراز و ڕێگای جیاواز (هاشم،2016،ل4) .

4-6-1 دەستکەوتی زانیاری:

بریتییە لەو بڕە زانیاری و زانستەی کە قوتابی دەستی دەکەوێت لە وانەیەکی دیاریکراو (عبدالسمیع،2016،ل5) .

5-6-1 پارێزگاریکردن:

ئەو پرۆسەیەیە کە لە ڕێگەیەوە دەتوانرێت پەیوەندی بە زانیارییەکانی ڕابردووەوە بکرێت بە مەبەستی بەکارهێنانیان لە ئێستادا (الصفار،2011،ل385) .

6-6-1 جوگرافیا:

زانســـتێکە کاردەکات بۆ لێکۆڵینەوەی ڕووی زەوی و دیاردە ســـروشـــتییەکانی ، وە پەیوەندییە کاریگەریەکەی نێوان زەوی و مرۆڤ شیدەکاتەوە (شهید،2019،ل1319 ).

2.لایەنی تیۆری و توێژینەوەکانی پێشوو

1-2 ستراتیژیەتی فێرکردنی هەمەجۆر

1-1-2 چەمك و سەرهەڵدانی ستراتیژیەتی فێرکردنی هەمەجۆر :

پەرەسەندن و پێشکەوتنەکان لە بواری زانست و تەکنەلۆژیا بوونەتە هۆکاری گۆڕانکاری کاریگەر لە تێکڕای بوارەکانی ژیانی مرۆڤدا ، پەروەردە و فێرکردنیش وەکو یەکێك لە بوارە گرنگەکان لەو سروشتە بەدەرنیە و لەم چوارچێوەیەشدا چەندین چەمکی ستراتیژیەتی نوێ سەریهەڵدا لە بواری وانەوتنەوە و فێرکردن ، کە چەمکی فێرکردنی هەمەجۆر یەکێك بوو لەوانە،کە الشقیرات (2009) وەرگیراوە لە عبدالقادر (2019) پێی وایە ئەو فێرکردنەیە کە تیایدا ڕەچاوی توانا و شارەزاییەکانی هەموو قوتابیان دەکات لە پۆلدا ، وە کاردەکات بۆ زیادکردنی دەستکەوتیان و گەشەسەندنی تواناکانیان بە پلەیەکی پەسەندکراو لە ڕێی مامەڵەکردن لەگەڵ هەموو ئاستێك بە شێوازێکی گونجاو بۆ تواناکان و شارەزاییەکانی پێشووی قوتابیان ( عبدالقادر ، 2019 ، ل344 ).وە فێرکردنی هەمەجۆر ئەگەرچی لەلایەن پەروەردەکارانەوە کۆمەڵێك ناوی لێنراوە وەکو وانەوتنەوەی جیاواز ، فێرکردنی هەمەجۆر ،

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٣)، هاوینی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

جۆراوجۆری وانەوتنەوە ، پەروەردەی هەمەجۆر ، فێرکردنی جیاواز ، وانەوتنەوەی جیاکراوە ، بەڵام هەموویان کۆکن و ئاماژە بە یەك چەمك دەکەن کە ئەویش ستراتیژیەتی کارکردنە بۆ دابینکردنی پێداویستیە جیاوازەکانی قوتابیان ( ل606-607 ، 2015 ، Alshareef ).

لە ژێر ڕۆشـــنایی پێناســـەکانی پێشـــەوە ، توێژەر پێی وایە کە فێرکردنی هەمەجۆر یەکێکە لە ســـتراتیژیـەتـە هـاوچـەرخـەکـانی وانـەوتنـەوە ، کـە گرنگی دەدات بـە ڕەچـاوکردنی زیرەکییـە جۆراوجۆرەکانی قوتابیان و پێداویســتییە جیاوازەکانییان ، بەهۆی ئەوەی کۆمەڵێك ڕێگا و شــێوازی هەمەجۆر لە کرداری وانەوتنەوەکە بەکاردەهێنرێت ، بۆ بەدەســتهێنانی ئامانجەکانی خوێندن بە باشترین شێوە.

سـەبارەت بە مێژووی سـەرهەڵدانی سـروشـتی فێرکردنی هەمەجۆر زانایان و توێژەران بیروڕای جیاوازیـان هەیە ، هەروەك حســـنین (2016) پێی وایە کە دەســـتـەواژەی فێرکردنی هەمەجۆر لە سـاڵی(1999) لەسـەر دەسـتی توملینسـون* دەرکەوتووە بۆ ئاماژەکردنی وەڵامدانەوەی مامۆسـتا بۆ جیاوازییەکانی نێوان قوتابیان لەناو یەك پۆلدا ( حســـنین ، 2016 ، ل169 ) ، بەڵام معیض (2011) پێی وایە فێرکردنی هەمەجۆر بە دیاردەیەکی نوێ دانانرێت لە بواری پەروەردە و فێرکردن ، چونکە هەندێك لە نووسراوەکانی پەیوەست بە فێرکردن لەلایەن میسریەکان و یۆنانیە کۆنەکان دۆزراوەتەوە کە باس لە گرنگیدان دەکات بەو فێرکردنەی کە پێداویستییە جیاوازەکانی قوتابیان دەستەبەر بکات ( معیض ، 2011 ، ل50 ) . وە Blaz (2006) ئـامـاژە بـەوە دەکـات کـە بیرۆکـەی فێرکردنی هـەمـەجۆر لەوەتەی سـەدەی نۆزدەوە هەبووە بەڵام بەشـێوەیەکی پێویسـت پەیڕەونەکراوە لەلایەن مامۆسـتایان وە لە سـەرەتادا تایبەت بووە بە قوتابییە بەهرەمەندەکان و زیرەکەکان ، دواتر لە کۆتاییەکانی سـەدەی بیست و سەرەتاکانی سەدەی بیست و یەك لە پەروەردەی تایبەت جیبەجێکراوە و پاشان لەگەڵ گشت قوتابیان بەکارهاتووە ، بۆیە بە ڕای Blaz ئەوەی کە نوێیە ئەو بیرۆکەیەیە کە دەتوانرێت بۆ هەموو قوتابیان بەکاربهێنرێت ( Blaz ، 2006 ، p2 ) .

لەمەوە ڕوون دەبێتەوە کە فێرکردنی هەمەجۆر وەکو بیرۆکە پێشتر هەبووە و بەکارهێنراوە ، بەڵام لەم ساڵانەی دواییدا لەگەڵ پێشکەوتنی کار و توێژینەوە پەروەردەییەکان ، بیرۆکەی فێرکردنی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٣)، هاوینی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هەمەجۆر گرنگیەکی فراوان و زیاتری پێدراوە تا بووە بە زاراوەیەکی هاوچەرخ و وەك یەکێك لە ستراتیژیەتە گرنگەکانی وانەوتنەوەی هاوچەرخ ناساندرا .

**2-1-2 بنەماکانی تیۆری بۆ فێرکردنی هەمەجۆر:**

بنەمای تیۆری بۆ زۆربەی ســتراتیژیەتە هاوچەرخەکانی وانەوتنەوە بریتییە لە تیۆری بنیاتنان ، بۆیە فێرکردنی هەمەجۆریش وەك ستراتیژیەتێکی هاوچەرخ بە شێوەیەکی فراوان پشت دەبەستێت بەم تیۆرە ، وە بە شـێوەیەکی تایبەتیش پشــت دەبەســتێت بەو توێژینەوانەی کە لەســەر مێشــك و زیرەکی کراوە ، بۆیە لە رێی پیشـــاندانی گرنگترین بیردۆزەکان و لێکۆڵینەوەکانی پەیوەســـت بە فێرکردنی هـەمـەجۆر دەتوانین تێبگـەین لـە جۆر و گشـــتگیری ئـەم جۆرەی فێرکردن کـە پۆلێنـە جیاوازەکانی قوتابیان بە هەند وەردەگرێت ، لەو بیردۆز و لێکۆڵینەوانەش :

*کارول آن توملینســـون: نووســـەر و وتاربێژ و پرۆفیســـۆرێکی ئافرەتی بواری پەروەردە و فێرکردنە لە زانکۆی فیرجینیا ،بە پێشـــەنگ دادەندرێت لە کارکردنی لە بواری فێرکردنی هەمەجۆردا و زیاتر لە (300) وتاری لەم بوارە نووســـیوە ، وە چەندین ســـیمینار و وێبیناری لەســـەر فێرکردنی هەمەجۆر ئەنجامداوە (https://en.wikipedia.org/wiki/Carol_Ann_Tomlinson) .

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

1- بیردۆزی ( هوارد گاردنر )* :

فێرکردنی هەمەجۆر بە شێوەیەکی گشتی پشت دەبەستیت بە بیردۆزی (هوارد گاردنر) کە توانی هەشت جۆر لە زیرەکی مرۆڤ دیاری بکات کە لەلای هەموو تاکەکان هەیە بەڵام بە ئاستی جیاواز، وە لە ڕاستیدا بیردۆزی زیرەکییە جۆراوجۆرەکان کە لە دواییدا باسی دەکەین ، بە تەواوی هاوشانە لەگەڵ چەمکی فێرکردنی هەمەجۆر کە مامۆستا هەوڵ دەدات هەمان بابەت بە ڕێگایەك زیاتر پێشکەش بکات بۆ قوتابیان بۆ ئەوەی بگونجێت لەگەڵ زیرەکییە جۆراوجۆرەکانی قوتابیان ( خماس ، 2018 ، ل367 ).

2- تیۆری بنیاتنانی کۆمەڵایەتی بۆ فێربوون :

ئەم تیۆرە بە یەکێك لە تیۆرە گرنگەکان دادەنرێت کە فێرکردنی هەمەجۆری لەسەر بنیات دەنرێت ، کە سەریهەڵدا لەلایەن زانای دەروونناسی ڕوسی ( لیف فیجوتسکی ) کە بڕوای وایە ئەقڵ گەشە دەکات لەگەڵ ڕووبەڕووبوونەوەی تاکەکان بۆ شارەزاییە نوێ و سەرسوڕهێنەکان، وە لەگەڵ ئەو هەوڵانەی کە دەیدەن بۆ چارەسەری ئەو ئاستەنگانەی کە دێنە بەردەم ئەم شارەزاییانە و هەوڵدانیان بۆ تێگەیشتن ، بەم شێوەیە تاکەکان زانیارییە نوێکان دەلکێنن بە زانیاریە کۆنەکان و مانایەکی نوێیان پێ دەبەخشن ( جبر و ئەوانی تر ، 2018 ، ل45-46 ) .

3- هەرەمی بلوم** :

کوجك و ئەوانی تر (2008) ئاماژە بەوە دەکەن کە شەش ئاستەکەی هەرەمی بلومیش بۆ ئامانجە زانیارییەکان کە لە کردارە سادەکان بۆ کردارە زۆر ئاڵۆزەکان پلەبەند کراوە ، ستراتیژیەتی فێرکردنی هەمەجۆریان بەهێز کرد ، بۆئەوەی هاوشان بێت لەگەڵ ئاستە جیاوازەکانی زانیاری قوتابیان ( محمد ، 2014 ، ل69 ).

---

* هوارد گاردنر : زانایەکی دەروونناسیە و لە ساڵی (1943) لە ئەمریکا دایکبووە ، مامۆستا بووە لە زانکۆی هارڤارد و نزیکەی سەد توێژینەوەی لە بواری فێرکردن بڵاوکردووەتەوە و چەندین خەڵاتی لە بواری زانستە کۆمەڵایەتییەکان و زانستی دەروونناسی گەشە وەرگرتووە ، بۆ یەکەمجار لە ساڵی (1983) لە پەرتوکەکەی بە ناوی ( چوارچێوەی ئەقڵ ) بیردۆزی زیرەکییە جۆراوجۆرەکانی پێشکەش کرد و تا بیست ساڵی دواتر هەر بەردەوام بوو لە پێشخستنی ئەم بیردۆزە ، بۆیە بەم بیردۆزەوە ناسێنرا ( https://en.wikipedia.org/wiki/Howard_Gardner ) .

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٣)، هاوینی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

** هەرەمی بلۆم : بنیاتنراوە لەلایەن بنیامین بلۆم (1913 – 1999) کە زانایەکی دەروونناســی پەروەردەیی ئەمەریکی بووە ، و لە ســاڵی (1956) هەڵساوە بە دانانی بەناوبانگترین پۆلێنکردن بۆ ئامانجە پەروەردەییەکان لە سێ بواردا ( زانیاری ، سۆزداری ، لێهاتوویی ) ، وە پۆلێنکردنی ئامانجەکان لە بواری زانیاری بۆ شەش ئاستی یەك لەدوای یەك ( جري و ئەوانی تر ، 2018 ، ل65 ) .

2-1-3 ڕێساکانی ستراتیژیەتی فێرکردنی هەمەجۆر:

کۆمەڵێك ڕێسا هەن کە فێرکردنی هەمەجۆر لێیانەوە دەست پێدەکات و پشتیان پێ دەبەستێت لە جێبەجێکردنی کرداری ، هەروەك لەلایەن ( شواهین ، 2014 ، ل13 ) و ( توملینسون ، 2005 ، ل11-16 ) ئاماژەیان پێکراوە:

1- مامۆستا بیرۆکەیەکی ڕون و ئاشکرای هەبێت سەبارەت بەوەی کە چی گرنگە لە بابەتەکە.

2- مامۆستا قوتابیان هەڵبسەنگێنێ بەمەبەستی زانینی جیاوازی نێوانیان.

3- هەڵسەنگاندن و فێرکردن دوو شتی پێویستن ، هەڵسەنگاندنی گشتگیر و بەردەوام هۆکارێکە بۆ دۆزینەوەی پێداویستییەکانی قوتابیان .

4- پێویستی بەشداریکردنی ئەرێنی و چالاك لەنێوان گشت قوتابیان بە ڕێزگرتنی ئاڵوگۆڕکراو.

5- دانانی پێوەری ڕوون و ئاشکرا بۆ ئاڕاستەکردنی قوتابیان بەرەو سەرکەوتن.

6- مامۆستایان و قوتابیان هاوکاری یەکتربن لە کرداری فێربوون ، بە جۆرێك ڕۆڵی مامۆستا ڕێکخەر و ئاسانکار بێت بۆ کرداری فێرکردن ، وە قوتابی ببێتە گرنگترین تەوەری کرداری فێرکردنەکە.

7- پۆلی هەمەجۆر پێویست دەکات سیفەتی جیری ( مرونە ) هەبێت.

8- هەمەجۆری هەبێت لە ڕێگاکان و سەرچاوەکانی فێرکردن و ئەرکەکان و هەڵسەنگاندن کە بگونجێت لەگەڵ تایبەتمەندی قوتابیان و شێوازەکانی فێربوونیان .

9- فێربوون بۆ گشت قوتابیان بێت بەبێ گوێدانە ئاستی لێهاتوویی یان پێشینەیان

2-1-4 گرنگی ستراتیژیەتی فێرکردنی هەمەجۆر لە وانەوتنەوەدا:

بەکارهێنانی ستراتیژیەتی فێرکردنی هەمەجۆر لە کرداری وانەوتنەوە چەندین سوود و گرنگی هەیە ، هەروەك لەلایەن ( صـــدیق ، 2017 ، ل969 ) و ( ل15-17، Pastein ، 2017 ) و ( مخلف و عبيد ، 2016 ، ل791 ) و ( ل15-16 ، Gangi ، 2011 ) ئاماژە بە هەندێکیان کراوە :

1- فێرکردنی هەمەجۆر لەســەر بنەمای فێرکردنی هەمووان ئەنجام دەدرێت ، وە گشــت پۆلێنە جیاوازەکانی قوتابیان بە هەند وەردەگیرێن ، وە پاڵپشــتی هەردوو دەســتەواژەی ( فێرکردن مافی هەمووانە ) و ( یەك پێوەر بۆ هەمووان ناگونجێت ) دەکات .

2- ڕەچاوی شــێوازە جیاوازەکانی فێرکردنی قوتابیان دەکات وەکو ( بیســتن ، بینین ، جووڵەیی ، هەستی ) .

3- فێرکردنی هەمەجۆر ڕێگەدەدات بە مامۆستایان بۆ دیزاینکردنی وانەی سەرنج ڕاکێش بەمەبەستی دابینکردنی پێداویستییەکانی هەر تاکێکی قوتابی ، و پێدانی چانسی یەکسان بە هەموو قوتابیان بۆ گەیشتن بە توانای تەواوی خۆیان .

4- گرنگی ئەم جۆرەی فێرکردن بەدیاردەکەوێت لە ڕێی بەدەستهێنانی مەرجەکانی فێرکردنی کارا .

5- چالاکی قوتابیان زیاد دەکات و خواست و ئارەزوویان بەهێزدەکات بۆ فێربوون .

6- بەرهەمەکانی فێربوون بەدەســت دەهێنێت بە ڕێگایەك کە دڵنیایی دەدات بۆ جێگیربوونی زانیارییەکە لە بیری قوتابی بۆ ماوەیەکی درێژ .

7- ڕێگایەکە بۆ هاندان و بەشداریکردنی قوتابیان لە کرداری فێرکردندا .

8- فێرکردنی هەمەجۆر یارمەتیدەرە بۆ دۆزینەوە و گەشــەپێکردنی هەســت و بیری داهێنەرانە لای قوتابی .

9- یارمەتی مامۆستا دەدات بۆ تێگەیشتن و بەکارهێنانی هەڵسەنگاندنی هەمەجۆر وەکو ئامرازێکی گرنگ بۆ پێشخستنی کرداری فێرکردن .

10- فێرکردنی هەمەجۆر هەڵدەستێت بە تەواوکاری لەنێوان ڕێگا جیاوازەکانی فێرکردن ، ئەویش لە ڕێگای بەکارهێنانی زیاتر لە ڕێگایەك لە کرداری وانەوتنەوە و فێرکردن .

11- پرۆگرامی خوێندن بە ڕێگایەکی ســەرکەوتوو پێشــکەش دەکات کە دڵنیایی دەدات بە بەرزکردنەوەی دەستکەوت و سەرکەوتنی قوتابیان .

12- ڕێگایەکە بۆ گەیشتن بە پێداویستییەکانی فێرکردنی قوتابیان .

13- فێرکردنی هەمەجۆر قوتابیان فێری ڕێزگرتن و پەسەندکردنی بیروڕای یەکتر دەکات .

وە توێژەر پێی وایە بەکارهێنانی ستراتیژیەتی فێرکردنی هەمەجۆر دەرفەتی هەمەجۆر و جیاواز پێشکەشی قوتابیان دەکات کە بگونجێت لەگەڵ خواست و تایبەتمەندییەکانیان بەمەش کەشێکی لەبار و چێژبەخش دەڕەخسێنێت بە ژینگەی فێرکردن ، کە دەبێتە هۆکارێك بۆ مسۆگەرکردنی بەدەستهێنانی ئامانجە دیاریکراوەکان .

5-1-2 پێکهاتەکانی وانەوتنەوەی ستراتیژیەتی فێرکردنی هەمەجۆر :

لە هەندێك بواری دیاریکراو پێکهاتەکانی وانەوتنەوە دەتوانرێت هەمەجۆر بکرێن ، هەروەك لە خوارەوە پێکهاتەکانی فێرکردنی هەمەجۆر خراونەتەڕوو :

یەکەم : ناوەڕۆك

ناوەڕۆك بریتییە لە هەموو ئەو شتانەی کە پێشکەشی قوتابی دەکرێت لە زانیارییەکان و چەمکەکان بیرۆکەکان ، وە هەموو ئەو شتانەی کە داوا دەکرێت قوتابیان بە دەستی بهێنن لە قۆناغێکی دیاریکراو کە جیاوازە لە قۆناغێکی تر ، لە فێرکردنی هەمەجۆر گشت قوتابیانی ناو پۆلەکە فێری هەمان ناوەڕۆك دەکرێن ، بەڵام دوای ئەوەی ناوەڕۆکەکە هەمەجۆر کراوە لە ڕووی بڕ و چۆنیەتی ، ئەمەش لە ڕێی دارشتنی جۆراوجۆری ناوەڕۆك بۆ چەند چالاکییەك بە گوێرەی ئاستەکانی بلوم بەپێی توانا و پێداویستییەکانی قوتابیان ( محمد ، 2014 ، ل14 ).

دووەم : کردارەکان ( ڕێگاکانی وانەوتنەوە )

مەبەست پێی هەمەجۆرکردنی ڕێگاکانی وانەوتنەوەیە ، وە تەکنیکیەکانی فێرکردن و گشت ئەو ڕێکار و چالاکییانەی کە مامۆستا دایدەڕێژێت و لەناو پۆل بەکاری دەهێنێت بە مەبەستی گەیاندنی ناوەڕۆکی بابەتێك بە قوتابییەکانی بە شێوەیەك کە بگونجێت لەگەڵ خواست و پێداویستییەکانی قوتابیان (محمد ، 2015 ،ل12 ).

سێیەم : ئەنجامەکان

بریتییە لەو هۆکار و ئامرازانەی کە قوتابی ئەوەی فێری بووە بەهۆیەوە پیشانی بدات ، وە ئەنجامەکان هەمەجۆر دەبن بە گوێرەی توانا و حەز و زیرەکی قوتابیان و شێوازەکانی فێربوونیان ، چونکە ئەرکی جۆراوجۆریان پێ دەدرێت و هەڵبژاردنیان دەخرێتە دەست بۆ جێبەجێکردنیان ، وەکو

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٣)، هاوینی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

پێشکەشکردنی ڕاپۆرتی زارەکی ، کاری پرۆژە ، ڕاپۆرتی نووسراو ، ... هتد ( مظفر و مهدي ، 2017 ، ل390 ) و ( ل36 ، 2010 ، McLean ) .

چوارەم : ژینگەی فێربوون

ژینگەی فێربوون بریتییە لەو شوێنەی کە مامۆستا و قوتابی لێیە و بەیەکەوە پلان دادەنێن بۆ جێبەجێکردنی بەرنامەیەکی فێرکاری و پەروەردەیی ، جا ئەو شوێنە قوتابخانە بێت یان کارگە یان یاریگا یان کتێبخانە یان هۆڵەکانی خوێندن ، وە ئەم ژینگەیە دەتوانرێت هەمەجۆری تیادا بکرێت بە جۆرێك کە بگونجێت لەگەڵ پێداویستییەکانی سەرجەم قوتابیانی ناو پۆلەکە ( حسن ، 2014 ، ل79 ) .

پێنجەم : ئامرازەکانی فێرکردن

ێکهاتەیەکی تری فێرکردنی هەمەجۆر بریتییە لە ئامرازە جیاوازەکانی فێرکردن وەکو بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا ، کە مەبەست لێی گشت ئەو ئامرازانەیە کە مامۆستا لەناو پۆل بەکاری دەهێنێت بە مەبەستی زیاتر ڕوونکردنەوەی ناوەڕۆکی بابەتەکە ، لەوانە : ئامرازەکانی بینین ، ئامرازەکانی بیستن ، تەکنەلۆژیای ژمارەیی ، ... هتد ( معیض ، 2011 ، ل 63 ) .

شەشەم : هەڵسەنگاندن

کرداری هەڵسەنگاندن لە فێرکردنی هەمەجۆر بە ئامرازێك داناندرێت بۆ دۆزینەوەی خاڵی لاوازی قوتابی ، بەڵکو هۆکارێکە بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی دەستکەوتی قوتابیان ، و زیادبوونی متمانەی قوتابی بە خودی خۆی . لە پۆلی هەمەجۆر کرداری هەڵسەنگاندن بەردەوام و هەمەجۆرە و چەندین ئامرازی جۆراوجۆر بۆ هەڵسەنگاندن بەکاردەهێنرێت بە گوێرەی ئاستەکانی قوتابیان و شێوازەکانی فێربوونیان و زیرەکییە جیاوازەکانیان وەکو تاقیکردنەوەی نووسینەکی و ئەرکەکانی ماڵەوە و تاقیکردنەوەی زارەکی و ئامادەکردنی ڕاپۆرت و...هتد ( محمد ، 2014 ، ل16 ) .

6-1-2 شێوەکانی فێرکردنی هەمەجۆر:

کرداری وانەوتنەوە بە بەکارهێنانی ستراتیژیەتی فێرکردنی هەمەجۆر کۆمەڵێك شێوە دەگرێتەخۆی ، هەروەك لە خوارەوە ئاماژەیان پێکراوە :

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٣)، هاوینی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

1- وانەوتنەوە بەگوێرەی بیردۆزی زیرەکییە جۆراوجۆرەکان :

وانەوتنەوە بە گوێرەی ئەم بیردۆزە بە واتای ئەوەیە مامۆستا وانەکە پێشکەش بکات بەگوێرەی زیرەکییە جۆراوجۆرەکانی قوتابی ، وە لە بەرامبەریشدا قوتابیان هەڵسن بە ئەنجامدانی ئەرك و چالاکی جۆراوجۆر بەگوێرەی جۆری زیرەکیەکەیان ( معیض ، 2011 ، ل63 ) .

2ـ وانەوتنەوە بەگوێرەی شێوازەکانی فێربوونی قوتابیان :

هەندێك لە زانایانی دەروونناسی پەروەردەیی شێوازەکانی فێربوونی قوتابیان پۆلێن دەکەن بۆ (بیستن ، بینین ، جووڵەیی ، هەستی) ،وانەوتنەوە بەگوێرەی ئەم شێوازانە لەگەڵ وانەوتنەوە بەگوێرەی زیرەکییە جۆراوجۆرەکان لەیەك دەچن،بەو واتایەی پێویستە لەسەر مامۆستا ڕەچاوی جیاوازییەکان و شێوازەکانی فێربوونی قوتابیان بکات لە کرداری فێرکردندا ، واتە قوتابی بەشێوەیەك فێربکرێت کە بگونجێت لەگەڵ توانا تایبەتییەکانی ( عبیدات و أبو السمید ، 2007 ، ل120 ) .

3ـ فێربوونی هەرەوەزی :

دەتوانرێت بە فێرکردنی هەمەجۆریش دابنرێت،بە مەرجێك ئەگەر مامۆستا ڕەچاوی ئەرکەکان و دابەشکردنی بکات بە گوێرەی ئامادەگی و گرنگیپێدانی قوتابیان و پەسەندکردنیان ( خماس ، 2018 ، ل368 ) .

2-1-7 هەنگاوەکانی جێبەجێکردنی ستراتیژیەتی فێرکردنی هەمەجۆر:

کرداری وانەوتنەوە بۆئەوەی بەپێی ستراتیژیەتی فێرکردنی هەمەجۆر بێت ، پێویستە وانەکە بەم قۆناغانەی خوارەوە تێپەڕێت ( أبو عبید ، 2019 ، ل47-48 ) و ( مظلوم و کاظم ، 2016 ، ل355 ) :

1- هەڵسەنگاندنی پێشوەخت (قۆناغی ڕاپرسی): ئەم هەنگاوە بە خاڵی بنەڕەتی و سەرەتایی دادەنرێت لە فێربووندا ، لەبەرئەوەی کرداری هەڵسەنگاندنی پێشوەختە ئەنجام دەدرێت لەلایەن مامۆستا بە ئامانجی دیاریکردنی ئاستی زانیاری و تواناکانی ئەقڵی قوتابیان، ئەمانەش دیاری دەکرێت لە ڕێگای وەڵامدانەوەی ئەم دوو پرسیارەی خوارەوە :

1. هەر قوتابییەك چی دەزانێت ؟
2. هەر قوتابییەك چی پێویستە ؟

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٣)، هاوینی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

2- پۆلێنکردنی قوتابیان: دووەم هەنگاو پۆلێنکردنی قوتابیانە بۆ کۆمەڵەی بچووك لەژێر ڕۆشنایی ئەنجامەکانی هەڵسەنگاندنی پێشوەختە ، بەگوێرەی ئەوەی لەنێوان ئەندامانی هەر کۆمەڵەیەك هەیە لە هاوبەشییەکان و ئارەزوو و تایبەتمەندییەکان .

3- دیاریکردنی ئامانجی فێربوون: دیاریکردنی ئامانجەکانی فێربوون هەنگاوی سێیەمە لە جێبەجێکردنی فێرکردنی هەمەجۆر .

4- دابینکردنی ئامرازەکانی فێرکردن: هەڵبژاردنی سەرچاوەی گونجاوی فێربوون و هۆکار و ئامرازە پێویستییەکانی فێرکردن بۆ هەر کۆمەڵەیەك بە جیا بەپێی ئەنجامی ئەو هەڵسەنگاندنەی کە لە سەرەتادا بۆ قوتابیان ئەنجامدرا .

5- ڕێگاکانی وانەوتنەوە: دەستنیشانکردنی ڕێگاکانی وانەوتنەوە لە ژێر ڕۆشنایی گونجانی لەگەڵ کۆمەڵەکان.

6- ئامادەکردنی ژینگەی فێربوون: ڕێکخستنی ژینگەی فێربوون بە شێوەیەك کە بگونجێت لەگەڵ داواکارییەکانی هەر کۆمەڵەیەك و سروشتی ستراتیژیەتی فێرکردنی هەمەجۆر .

7- چالاکییەکانی قوتابی: دیاریکردنی ئەو چالاکییانەی کە هەر کۆمەڵەیەك پێی ڕادەسپێردرێت .

8- پلاندانان: دانانی پلانێکی ڕێکوپێك و گشتگیر بۆ وانەوتنەوە لەژێر ڕۆشنایی خاڵەکانی پێشوو.

9- هەڵسەنگاندنی کۆتایی: ئەنجامدانی کرداری هەڵسەنگاندن بەشێوازێکی هەمەجۆر بە مەبەستی پێوانەکردنی بەرهەمەکانی فێرکردن ، و دڵنیابوون لە بەدەستهێنانی ئامانجەکانی وانەکە .

2-1-2 پارێزگاریکردن

1-2-1-2 چەمکی پارێزگاریکردن:

پارێزگاریکردن کردارێکە دەکەوێتە نێوان هەریەك لە کردارەکانی وەرگرتن و گەڕاندنەوە ، کە هەندێك لە زانایان بە کرداری خەزنکردن( Storing ) ناویدەهێنن ، وە لە زانستی دەروونناسی پەروەردەیی دەستەواژەی پارێزگاریکردن بەکاردەهێنرێت بۆ ئەو کاریگەرە جێگیرەی کە دەمێنێتەوە دوای پڕاکتیزەکردن ( توق و ئەوانی تر ، 2003 ، ل334 ) ، یاخود بریتییە لە بیرخستنەوەی ئەو زانیارییە دیاریکراو و توانا و پرۆسانەی کە تاك لە ماوەی ڕابردوو فێریبووە ( ل231 ، 2019 ، Ramona & Alexandra ) .وە شایانی ئاماژەپێکردنە فێربوون و پارێزگاریکردنی زانیارییەکان بۆ یەکتری

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٣)، هاوینی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

پێویستن، چونکە ئەگەر پارێزگاریکردنی زانیارییەکان لە کرداری فێربوون نەهاتەدی ئەوا فێربوونێکی ڕاســتەقینە بوونی نابێت ، بۆیە پارێزگاریکردنی زانیارییەکان بە یەکێك لە هۆکارە چالاکەکان دادەنرێت کە بناغەی کرداری فێربوون بنیان دەنێت ( هیوز ، 1959 ، ل155 ).

2-2-1-2 گرنگترین ئەو هۆکارانەی کاریگەریان هەیە لەسەر پارێزگاریکردن:

چەند هۆکارێك هەن کە کاردەکەنە سەر ئاستی پارێزگاریکردنی زانیارییەکان ، هەروەك لە لایەن ( بکر ، 2016 ، ل43 ) و ( عباس ، 2013 ، ل318 ) ئاماژەی پێکراوە کە بریتین لەمانەی خوارەوە :

1- بڕیاردانی قوتابی بۆ فێربوون کاردەکاتە ســەر ئاســتی هەڵگرتنی زانیارییەکان و ڕێژەی بنەڕەتی فێربوونی.

2- هەرچەندە قوتابییەکان زیاتر پێگەیشــتوو و زیرەکتر بن ئەوا بە خێراییەکی بەرچاو فێردەبن و پارێزگاری دەکەن لە زانیارییەکان بە ئاستێکی بەرزتر.

3- کرداری بەهێزکردنی پارێزگاریکردنی زانیارییەکان ڕوودەدات لە ڕێی دووبارە وانەوتنەوە و پێداچوونەوەی بابەتەکە .

4- قوتابی ئاستی پێشکەوتنی بزانێت ، چونکە ژمارەیەکی زۆری توێژینەوەکان جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە ئەنجامدانی هەر کارێك بێ زانینی ئەنجامەکەی زۆربەی جار نابێتە هۆی فێربوون .

5- بوونی پەیوەستی ناوەکی بۆ ڕێکخستنی وانەکە و پەیوەندی بە خودی قوتابی ، تەنها فێربوونەکە ئاسان ناکات بەڵکو بەسوودە بۆ پارێزگاریکردنێکی باش .

6- هەرچەندە ئاستی پاڵنەرەکان بۆ فێربوون زیاتربێت ، چالاکی هزری فراوانتر دەبێت.

7- ئەو بابەتەی مانای هەیە ، قوتابیان زیاتر پارێزگاری لێدەکەن لەو بابەتەی مانای نیە .

2-2 توێژینەوەکانی پێشوو

1-2-2 توێژینەوەکانی پەیوەســت بە کاریگەری فێرکردنی هەمەجۆر لەســەر گۆڕاوی دەســتکەوتی خوێندن :

1- توێژینەوەی مظفر و مهدي (2017) :

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٣)، هاوینی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە دۆزینەوەی کاریگەری فێرکردنی هەمەجۆرە لەســـەر دەســـتکەوتی خوێندن و گەشەپێدانی چەمکی خودی لە بابەتی ماتماتیك لای قوتابیانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی لە حجة ، وە توێژەر ڕێبازی ئەزموونی بەکارهێناوە ،و نموونەی توێژینەوەکە بریتییە لە (95) قوتابی ، بەشـــێوەیەك (48) قوتابی لە قوتابخانەی  حذیفة بن الیمان بۆ کۆمەڵەی ئەزموونی کە وانەیان بە ســتراتیژیەتی فێرکردنی هەمەجۆر پێوتراوە ، وە (47) قوتابی لە قوتابخانەی مجمع الخادم الوجیە لە کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو کە وانەیان بە ڕێگای ئاسایی خوێند ، وە ئامرازەکانی توێژینەوەکە پێکهاتبوو لە تاقیکردنەوەی دەستکەوت و پێوانەکاری بیرس – هاوس بۆ چەمکی خودی . لە کۆتاییدا توێژینەوەکە بە بەکارهێنانی SPSS گەیشـــتە ئەو ئەنجامەی کە بەکارهێنانی فێرکردنی هەمەجۆر لە وانەوتنەوەی ماتماتیك کاریگەریەکی چالاك و ئەرێنییە لەســەر دەســتکەوتی قوتابیانی پۆلی هەشــتەمی بنەڕەتی و گەشەپێدانی چەمکی خودی بۆ بەرژەوەندی کۆمەڵەی ئەزموونی ( مظفر و مهدي ، 2017 ، ل378 ) .

2-2-2 توێژینەوەکانی پەیوەســـت بە کاریگەری فێرکردنی هەمەجۆر و چەند ســـتراتیژیەتێکی تری وانەوتنەوە لەسەر گۆڕاوی پارێزگاریکردنی دەستکەوت:

1- توێژینەوەی بکر (2016) :

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە زانینی کاریگەری بەکارهێنانی سـتراتیژیەتی وانەوتنەوەی ڕێکخراوەییە لە بەدەستهێنانی زانیاری قوتابیانی پۆلی هەشـتەمی بنەڕەتی و پارێزگاریکردنی لە بابەتی مێژوو ، وە توێژەر پشـــتی بەســـتووە بە دیزاینکردنی ئەزموونی بۆ دوو کۆمەڵە، یەکێکیان کۆمەڵەی ئەزموونی بەپێی ســـتراتیژیەتی وانەوتنەوەی ڕێکخراوەیی،و ئەویتریان کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو کە بە ڕێگای ئاسایی وانەیان پێوتراوە، وە نموونەکە پێکهاتبوو لە (53) قوتابی کچ لە قوتابخانەی سەنگینی کچان لە ناوەندی پارێزگای هەولێر ، وە دابەشـــکران بەســـەر دوو کۆمەڵە بەشـــێوەیەك کۆمەڵەی ئەزموونی (27) قوتابی و کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو (26) قوتابی لەخۆگرت ، وە دوو ئامراز لە توێژینەوەکە بەکارهات کە بریتی بوون لە تاقیکردنەوەی دەســـتکەوت و تاقیکردنەوەی پارێزگاریکردن ، وە بۆ چارەســـەرکردنی داتاکان تاقیکردنەوەی تائی ( T.test ) بەکارهاتووە ، لە کۆتاییشـــدا ئەنجامەکانی توێژینەوەکە بوونی جیاوازی گرنگی ئاماری دەرخست لە ئاستی (0.05) لە نێوان نمرەکانی قوتابیانی

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کۆمەڵەی ئەزموونی و کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو لە تاقیکردنەوەی دەســتکەوتی زانیاری و تاقیکردنەوەی پارێزگاریکردن بۆ بەرژەوەندی کۆمەڵەی ئەزموونی ( بکر ، 2016 ، 8 ) .

## 3. ڕێکارییەکانی توێژینەوەکە

### 1-3 ڕێبازی توێژینەوەکە:

ڕێبازی گونجاو بۆ ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە ڕێبازی ئەزموونیە چونکە سروشتی توێژینەوەکە و ئامانجەکانی پێویست دەکات کە توێژینەوەکە ئەزموونی بێت.

### 2-3 نەخشەسازی ( دیزاینی ) ئەزموونی توێژینەوەکە :

بە مەبەستی هێنانەدی ئامانجەکانی توێژینەوەکە ، توێژەر پشتی بەست بە نەخشەسازی ئەزموونی بۆ دوو کۆمەڵە : ( کۆمەڵەی ئەزموونی و کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو ) ، بەشێوەیەك کە کۆمەڵەی ئەزموونی بە ستراتیژیەتی فێرکردنی هەمەجۆر وانەیان پێگوتراوە ، و کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراویش وانەیان پێگوتراوە بە ستراتیژیەتی فێربوونی ئاسایی ، وە لە کۆتاییشدا تاقیکردنەوەی دەستکەوتی زانیاری بۆ هەردوو کۆمەڵەکە ئەنجامدراوە ، و وە دوای تێپەڕبوونی ماوەیەکی دیاریکراو کە بریتی بوو لە (14ڕۆژ) دووبارە تاقیکردنەوە لە دەستکەوتی زانیاری ( تاقیکردنەوەی پارێزگاریکردن ) ئەنجام دراوە.

### 3-3 کۆمەڵگای توێژینەوەکە و نموونەکەی:

کۆمەڵگای ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە ( قوتابیانی کچی پۆلی دوازدەهەمی وێژەیی ) لە ناوەندی پارێزگای هەولێر بۆ ســاڵی خوێندنی (2020-2021) ، وە بۆ پراکتیزەکردنی کاری توێژینەوەکەش قوتابخانەی ئامادەیی چناری کچان هەڵبژێردراوە کە تیایدا پۆلەکانی (أ ، ج) وەك نموونەی توێژینەوەکە هەڵبژێردران ، وە دوای هەڵبژاردنی هەڕەمەکی پۆلی (ج) وەکو کۆمەڵەی ئەزموونی و پۆلی (أ) وەك کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو دیاریکران ، بۆ زیاتر ڕوونکردنەوە بڕوانە خشتەی (1) :

خشتەی (1) خستنەڕووی ژمارەی قوتابیانی هەردوو کۆمەڵەی توێژینەوەکە

| کۆمەڵەکانی توێژینەوە | پۆل | ژ.قوتابیان پێش دوورخستنەوە | ژ.قوتابیانی کەوتووی ساڵی پێشوو | ژ.قوتابیانی بەدەگ (جێگرەوە) | ژ.قوتابیان پاش دوورخستنەوە |
|---|---|---|---|---|---|

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٣)، هاوینی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ئەزموونی | ج | 23 | 1 | 2 | 20 |
| کۆنترۆڵکراو | أ | 23 | 1 | 2 | 20 |
| کۆی گشتی قوتابیان | | 46 | 2 | 4 | 40 |

4-3 پێداویستییەکانی توێژینەوەکە :

بە مەبەستی جێبەجێکردنی ئەزموونەکە ، پێویستە ئەم پێداویستییانەی خوارەوە ئامادەبکرێن:

1- دیاریکردنی بابەتی خوێندن:

توێژەر هەڵسا بە دیاریکردنی ئەو بابەتانەی کە بڕیاربوو لە ماوەی ئەزموونەکە بە قوتابیانی هەردوو کۆمەڵەی توێژینەوەکە بگوترێتەوە ، کە ئەویش بریتی بوو لە بەشی سێیەم و چوارەم لە پەرتووکی جوگرافیای پۆلی دوازدەهەمی وێژەیی لە قوتابخانەکانی هەرێمی کوردستان - عێراق بۆ ساڵی خوێندنی (2020-2021).

2- داڕشتنی ئامانجە ڕەفتارییەکان:

توێژەر (50) ئامانجی ڕەفتاری بۆ ناوەڕۆکی بابەتەکانی خویندن داڕشت بە پشتبەستن بە پۆلێنکردنی ( بلۆم- Bloom ) لە بواری زانیاری بۆ چوار ئاست ( بیرهێنانەوە ، تێگەیشتن ، جێبەجێکردن ، شیکردنەوە ) ، بەشێوەیەك (18) ئامانج لە ئاستی ( بیرهێنانەوە ) ، و (12) ئامانج لە ئاستی ( تێگەیشتن ) ، و (10) ئامانج لە ئاستی ( جێبەجێکردن ) ، وە (10) ئامانج لە ئاستی ( شیکردنەوە ).

3- ئامادەکردنی پلانی وانەوتنەوە :

ئامادەکردنی پلانی وانەوتنەوە بە یەکێك لە پێداویستییەکانی ئەزموونەکە دادەندرێت چونکە سەرەڕای ئەوەی هۆکارە بۆئەوەی کردارەکە ببێتە پرۆسەیەکی ڕێکخراو و سەرکەوتوو ، بۆیە توێژەر پاش دیاریکردنی ناوەڕۆکی بابەتی خوێندن و داڕشتنی ئامانجە ڕەفتاریەکان ، دەستیکرد بە ئامادەکردنی پلانی وانەوتنەوە لە بەشەکانی سێیەم و چوارەم لە پەرتوکی جوگرافیای پۆلی دوازدەهەمی وێژەیی بۆ هەردوو کۆمەڵەی توێژینەوەکە ، بەشێوەیەك (15) پلانی وانەوتنەوە ئامادەکرا بۆ کۆمەڵەی ئەزموونی کە بە پێی ستراتیژیەتی فێرکردنی هەمەجۆر وانەیان پێدەوترا ، وە (15) پلانی

وانەوتنەوەش ئامادەکرا بۆ کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو کە بەپێی ستراتیژیەتی فێربوونی ئاسایی وانەیان پێدەوترا.

5-3 ئامرازەکانی توێژینەوەکە:

ئامرازەکانی توێژینەوە بە هۆکارێك دادەندرێن بۆ کۆکردنەوەی ئەو داتا و زانیارییانەی کە پێویستن بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی توێژینەوەکە یان تاقیکردنەوەی گریمانەکانی توێژینەوەکە ( العساف ، 1995 ، ل100 ).

1-5-3 تاقیکردنەوەی دەستکەوتی زانیاری:

بە یەکێك لە ئامرازە گرنگەکانی پێوانەکردن دادەندرێت ، کە زۆر پشتی پێ دەبەسترێت لە پێوانە و هەڵسەنگاندنی توانای قوتابیان و زانینی ئاستی دەستکەوتیان و بەدواداچوونی پێشکەوتنیان ، وە بۆ ئامادەکردنی ئەم تاقیکردنەوەیە پێویستە ئەم هەنگاوانەی خوارەوە جێبەجێبکرێت :

1- دیاریکردنی ئامانجی تاقیکردنەوەی دەستکەوت:

ئامانجی تاقیکردنەوەی دەستکەوت لەم توێژینەوەیەدا بریتییە لە دەستنیشانکردنی ئاستی دەستکەوتی زانیاری قوتابیانی پۆلی دوازدەهەمی وێژەیی بۆ زانیارییە زانستییەکانی ناو چوارچێوەی بابەتە بڕیار لەسەردراوەکانی پەرتوکی جوگرافیا.

2- دیاریکردنی ئاستەکانی پرسیاری تاقیکردنەوەی دەستکەوت:

توێژەر چوار ئاستی یەکەمی لە شەش ئاستەکەی پۆلێنی بلۆم دیاریکرد لە بواری زانیاری ، کە بەربڵاوترین پۆلێنە بۆ ئامانجە پەروەردەیی و ڕەفتاریەکان ، بەشێوەیەك هەریەك لە ئاستەکان بە پێویستیەك و ڕێخۆشکەری ئاستی دوای خۆی دادەندرێت، ئاستەکانیش بریتین لە (بیرهێنانەوە،تێگەیشتن،جێبەجێکردن،شیکردنەوە).

3- هەڵبژاردنی جۆری پرسیارەکانی تاقیکردنەوەی دەستکەوت:

توێژەر لە تاقیکردنەوەی دەستکەوتی ئەم توێژینەوەیەدا پرسیاری بابەتی لە جۆری ( ڕاست و چەوت ، هەڵبژاردن لە چەند دانەیەك ) ، وە پرسیاری وتاری لە جۆری ( پێناسە ، ژماردن ) بەیەکەوە بەکارهێناوە،

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٣)، هاوینی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

وە بۆ زاڵ بوون بەسەر خاسیەتێکی زۆرینەی قوتابیان کە بریتییە لە بێزاری و وەڕسبوون لە وەڵامدانەوەی پرسیارە وتارییەکان ، توێژەر هەڵسا بە ڕێزبەندیکردنی پرسیارە وتاری و بابەتییەکان یەك لە دوای یەك بۆئەوەی پاڵ بە قوتابی بنرێت لە پاڵ پرسیارە بابەتییەکان ، پرسیارە وتارییەکانیش وەڵامبداتەوە و بە بەتاڵی بەجێی نەهێڵێت .

4- ئامادەکردنی خشتەی تایبەتمەندی ( جدول المواصفات ):
مەبەست لە خشتەی تایبەتمەندی دابەشکردنی پرسیار و بڕگەکانی تاقیکردنەوەیە بەسەر ناوەڕۆکی بابەتی خوێندن و ئامانجە ڕەفتاریەکان بە ئامانجی بەدەستهێنانی گشتگیری و هاوسەنگی لە پرسیارەکانی تاقیکردنەوەکە کە توێژەر دایناوە بۆ پێوانەکردنی دەستکەوتی زانیاری تاکەکانی نموونەکە( دەروێش ، 2015 ، ل112 ).

5- هەڵەچنینی تاقیکردنەوەکە:
پرسیارەکانی تاقیکردنەوەکە پێکهاتبوو لە (پرسیاری وتاری و پرسیاری بابەتی)، بەشێوەیەك تاقیکردنەوەکە (32بڕگە) ی لەخۆگرت و دابەشکرا بەسەر دوو پرسیار ، وە لەسەر (40نمرە) ئامادەکرا.

6- ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی دەستکەوت لەسەر نموونەی ڕاپرسی (العينة الاستطلاعية):
توێژەر دوای ئەوەی تەواوبوو لە ئامادەکردنی تاقیکردنەوەی دەستکەوت ، تاقیکردنەوەکەی جێبەجێکرد لەسەر نموونەی ڕاپرسی کە پێکهاتبوو لە (104) قوتابی کچ لە قوتابیانی پۆلی دوازدەهەمی ویژەیی لە قوتابخانە ئامادەییەکانی ( نانەکەلی ، بێخاڵ ، سابات ، شارستانی ) لە ناوەندی پارێزگای هەولێر.

7- دۆزینەوی کاتی گونجاو بۆ وەڵامدانەوەی تاقیکردنەوەی دەستکەوت :
دوای کۆتایی هاتنی تاقیکردنەوە لەسەر نموونەی ڕاپرسی،توێژەر دەستیکرد بە دۆزینەوەی کاتی گونجاو بۆ وەڵامدانەوەی تاقیکردنەوەکە لەلایەن قوتابیان ،ئەویش لە ڕێگای دیاریکردنی کاتی وەڵامدانەوەی هەر قوتابییەك لە قوتابیانی نموونەی ڕاپرسیەکە ، پاشان هەژمارکردنی کۆی گشتی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٣)، هاوینی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کاتی وەڵامدانەوە دابەشی ژمارەی گشتی قوتابیانی ڕاپرسی ، لە ئەنجامدا کاتی گونجاوی وەڵامدانەوە بە (39:13خولەك) هەژمارکرا .

8- شیکردنەوەی ئاماری بۆ بڕگەکانی تاقیکردنەوەی دەستکەوت:

شـیکردنەوەی بڕگەکانی تاقیکردنەوە بریتییە لە کرداری پشـکنینی وەڵامەکانی تاکەکانی نموونەی ڕاپرســـی بۆ هەر بڕگەیەك لە بڕگەکانی تاقیکردنەوەی دەســـتکەوتی زانیاری بە ئامانجی باشـــکردنی تاقیکردنەوەکە لە ڕێی دەرخســـتنی بڕگە لاواز و نادروســـتەکان ، بەمەبەســـتی لابردنیان یان دووبارە داڕشـــتنەوەیان ، وە ئەم کردارەش هەریەکە لە هاوکۆلکەی گرانی و ئاســـانی بڕگەکان، و هێزی جیاکەرەوەی بڕگەکان، و کاریگەری جێگرەوە هەڵەکان لە بڕگەکانی هەڵبژاردن ،و هاوکۆلکەی جێگیری دەگرێتەخۆ ، کە لە ئەنجامی هەژمارکردنیاندا (4بڕگە) لە بڕگەکانی تاقیکردنەوەکە بەهۆی لاوازیان دەرهێنران و دوورخرانەوە.

2-5-3 تاقیکردنەوەی پارێزگاریکردن:

تاقیکردنەوەی پارێزگاریکردن ئامرازێکی تری ئەم توێژینەوەیەیە کە دوای تێپەڕبوونی ماوەی (14ڕۆژ) بەسەر ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی دەستکەوتی زانیاری دووبارە دەکرێتەوە ، ئەمەش بە مەبەستی پێوانەکردنی پارێزگاریکردنی دەستکەوتی زانیاری قوتابیانی قۆناغی دوازدەهەمی وێژەیی لە بابەتی جوگرافیادا ، وە جێبەجێکردنی ئەم تاقیکردنەوەیە لەسەر هەردوو کۆمەڵەی توێژینەوەکە و لە هەمان ڕۆژ ئەنجام دەدرێت ، وە دوای بەدەستهێنانی ئەنجامەکانی تاقیکردنەوەی پارێزگاریکردنی دەستکەوتی زانیاری ، بەراورد دەکرێت بە ئەنجامەکانی تاقیکردنەوەی دەستکەوتی زانیاری ، ئەمەش بۆ زانینی جیاوازییەکانی نێوان هەردوو تاقیکردنەوەکە ، و زانینی ڕێژەی پارێزگاریکردن لە دەستکەوتی زانیاری بابەتی جوگرافیا لەلایەن هەردوو کۆمەڵەی توێژینەوەکە.

6-3 جێبەجێکردنی ئەزموونەکە:

دوای ئامادەکردنی هەموو ڕێکارییەکانی ئەزموونەکە ، بە سەرپەرشتی توێژەر مامۆستای بابەت دەستیکرد بە جێبەجێکردنی ئەزموونەکە لە ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی (2021/1/23)، بەشێوەیەك

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٣)، هاوینی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کۆمەڵەی ئەزموونی بەگوێرەی ستراتیژیەتی فێرکردنی هەمەجۆر ، و کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو بەگوێرەی ستراتیژیەتی فێربوونی ئاسایی وانەیان پێ‌گوتراوە ، وە ماوەی ئەزموونەکە یەکسان بوو بۆ هەردوو کۆمەڵەی توێژینەوەکە ، و بەردەوام بوو تا ڕۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی (2021/2/28) ، بەم شێوەیە ئەزموونەکە (5هەفتە ) ی خایاند بەجۆرێك لە هەر هەفتەیەك (3) وانە بە هەر کۆمەڵەیەکیان دەگوتراوە.

7-3 جێبەجێکردنی ئامرازەکانی توێژینەوەکە:

1- تاقیکردنەوەی دەستکەوتی زانیاری:

توێژەر ئەم تاقیکردنەوەیەی بەســەر هەردوو کۆمەڵەی توێژینەوەکە لە یەك کاتدا و لە هۆڵێکی گەورەی قوتابخانەکە لە ڕۆژی دووشــەممە ڕێکەوتی (2021/3/1) جێبەجێکرد بە ئامادەبوونی مامۆستای بابەت و سەرپەرشتیاری پەروەردەیی (پ.د.حسین سعدی ابراهیم ).

2- تاقیکردنەوەی پارێزگاریکردن لە دەستکەوتی زانیاری:

دوای تێپەڕبوونی ماوەی (14ڕۆژ) بەسەر ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی دەستکەوتی زانیاری ، ئەم تاقیکردنەوەیە لەسەر هەردوو کۆمەڵەی توێژینەوەکە لە یەك کات و لە هەمان شوێن لە ڕۆژی سێشەممە ڕێکەوتی (2021/3/16) بە ئامادەبوونی مامۆستای بابەت و سەرپەرشتیاری پەروەردەیی ئەنجامدراوە بەمەبەستی پێوانەکردنی ئاستی پارێزگاریکردنی ئەو زانیاری و دەستکەوتانەی کە قوتابیان پێش ئەو ماوەیە بەدەستیان هێناوە.

8-3 هۆکارە ئامارییە بەکارهاتووەکان:

توێژەر هەگبەی ئاماری (SPSS– Version21) بەکارهێناوە بۆ دەرهێنانی ئەم هۆکارە ئامارییانەی خوارەوە:

1- چوارگۆشەی کای سکویر ( $x^2$ : Chi - Square ) .
2- تاقیکردنەوەی ( T.test ) بۆ دوو نموونەی سەربەخۆ .
3- تاقیکردنەوەی ( T.test ) بۆ دوو نموونەی پەیوەستدار .
4- هاوکێشەی جی کۆپەر ( J.Cooper Formula ) .

5- هاوکێشەی پەیوەستبوونی پیرسون .
6- هاوکۆلکەی گرانی و ئاسانی بڕگەکان .
7- هاوکۆلکەی هێزی جیاکەرەوە .
8- کاریگەری جێگرەوە هەڵەکان .
9- هاوکێشەی ئەلفا کرونباغ ( α: Alpha Cronbach ) .
10- هاوکێشەی جیتمان ( Guttman Split-half coefficient ) .
11- هاوکێشەی چوارگۆشەی ئیتا ( $\eta^2$ ) .
12- هاوکێشەی کوهین d ( Cohen Formula ) .
13- هاوکۆلکەی پارێزگاریکردن .

## 4. خستنەڕووی ئەنجامەکانی توێژینەوەکە و تاوتوێکردنیان :

### 1-4 خستنەڕو و تاوتوێکردنی ئەنجامەکانی پەیوەست بە تاقیکردنەوەی دەستکەوتی زانیاری :

- گریمانەی سفری یەکەم :

"جیاوازییەکی ئاماری نیە لە ئاستی (0.05) لە نێوان ناوەندەژمێرەیی نمرەکانی قوتابیانی کۆمەڵەی ئەزموونی بەکارهێنەری (ستراتیژیەتی فێرکردنی هەمەجۆر) و کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو بەکارهێنەری (ستراتیژیەتی فێربوونی پەیڕەوکراو) لە تاقیکردنەوەی پاشەکی یەکەم ( دەستکەوتی زانیاری )" .

بۆ پشکنینی ئەم گریمانەیە ، توێژەر تاقیکردنەوەی تائی (T.test) بۆ دوو نموونەی سەربەخۆ بەکارهێنا بۆ زانینی جیاوازی ئاماری لە نێوان ناوەندی ژمێرەیی و لادانی پێوەری بۆ نمرەکانی تاکەکانی هەردوو کۆمەڵەی توێژینەوەکە لە بابەتی جوگرافیا لە تاقیکردنەوەی دەستکەوتی زانیاری ، هەروەك لە خشتەی (2) داتا و ئەنجامەکان خراونەتەڕوو :

خشتەی (2) خستەنەڕووی ئەنجامی T.test لە نێوان هەردوو کۆمەڵەی توێژینەوەکە بۆ تاقیکردنەوەی دەستکەوتی زانیاری ( پاشەکی یەکەم )

| کۆمەڵەکانی توێژینەوە | ژمارەی نموونەکان | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | پلەی ئازادی | بەهای T.test بۆ دوو نموونەی سەربەخۆ | ئاستی بەهاداری |
|---|---|---|---|---|---|---|

**گۆڤاری قەڵای زانست**
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٣)، هاوینی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | هەژمارکراو | ئەگەری Sig. | 0.05 |
| ئەزموونی | 20 | 31.40 | 5.734 | 38 | 3.265 | 0.002 | بەهاداری ئاماریە* |
| کۆنترۆڵکراو | 20 | 25.90 | 4.887 | | | | |

*بەهاداری ئاماریە چونکە (Sig.< 0.05) .

لە خشتەکە دەردەکەوێت کە بەهای (Tی ئەگەری) یەکسانە بە (0.002) کە بچووکترە لە ئاستی بەهاداری (0.05) بە پلەی ئازادی (38) ، وە لەژێر ڕۆشنایی ئەم ئەنجامەش گریمانەی سفری ڕەتدەکرێتەوە و گریمانەی جێگرەوەیی پەسەند دەکرێت کە بوونی جیاوازی بەهاداری ئاماری دەردەخات لە نێوان ناوەندی ژمێرەیی نمرەکانی هەردوو کۆمەڵەی توێژینەوەکە لە تاقیکردنەوەی دەستکەوتی زانیاری لە بابەتی جوگرافیا بۆ بەرژەوەندی قوتابیانی کۆمەڵەی ئەزموونی چونکە ناوەندی ژمێرەیی کۆمەڵەی ئەزموونی گەیشتە (31.40) لە کاتێکدا ناوەندی ژمێرەیی بۆ کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو بریتی بوو لە (25.90) ، وە ئەمەش کاریگەری ئەرێنی ستراتیژیەتی فێرکردنی هەمەجۆر دەردەخات لەسەر بەرزکردنەوەی ئاستی دەستکەوتی زانیاری قوتابیان لە کرداری وانەوتنەوەدا .

2-4 خستنەڕوو و تاوتوێکردنی ئەنجامەکانی پەیوەست بە تاقیکردنەوەی پارێزگاریکردنی دەستکەوتی زانیاری :

- گریمانەی سفری دووەم :

"جیاوازییەکی بەهاداری ئاماری نیە لە ئاستی (0.05) لە نێوان ناوەندی ژمێرەیی نمرەکانی قوتابیانی کۆمەڵەی ئەزموونی و کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو لە تاقیکردنەوەی پارێزگاریکردنی دەستکەوتی زانیاری"

.

وە بۆ پشکنینی ئەم گریمانەیە ، توێژەر بە هەمان شێوە تاقیکردنەوەی تائی (T.test) بۆ دوو نموونەی سەربەخۆ بەکارهێنا بۆ زانینی جیاوازی ئاماری لە نێوان ناوەندی ژمێرەیی و لادانی پێوەری بۆ نمرەکانی تاکەکانی هەردوو کۆمەڵەی توێژینەوەکە لە بابەتی جوگرافیا لە تاقیکردنەوەی پارێزگاریکردن ، هەروەك لە خشتەی (3) داتا و ئەنجامەکان خراونەتەڕوو :

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٣)، هاوینی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

خشتەی (3) خستنەڕووی ئەنجامی T.test لە نێوان هەردوو کۆمەڵە بۆ تاقیکردنەوەی پارێزگاریکردنی دەستکەوتی زانیاری

| کۆمەڵەکانی توێژینەوە | ژمارەی نموونەکان | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | پلەی ئازادی | بەهای T.test | | ئاستی بەهاداری 0.05 |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | هەژمارکراو | ئەگەری Sig. | |
| ئەزموونی | 20 | 25.95 | 4.084 | 38 | 2.587 | 0.014 | بەهاداری ئاماریە* |
| کۆنترۆڵکراو | 20 | 22.50 | 4.347 | | | | |

*بەهاداری ئاماریە چونکە (Sig.< 0.05) .

لە خشتەکە دەردەکەوێت بەهای (Tی ئەگەری) یەکسانە بە (0.014) کە بچووکترە لە ئاستی بەهاداری (0.05) بە پلەی ئازادی (38) ، وە لەژێر ڕۆشنایی ئەم ئەنجامەش گریمانەی سفری ڕەتدەکرێتەوە و گریمانەی جێگرەوەیی پەسەند دەکرێت کە بوونی جیاوازی بەهاداری ئاماری دەردەخات لە نێوان ناوەندی ژمێرەیی نمرەکانی هەردوو کۆمەڵەی توێژینەوەکە لە تاقیکردنەوەی پارێزگاریکردنی دەستکەوتی زانیاری لە بابەتی جوگرافیا بۆ بەرژەوەندی قوتابیانی کۆمەڵەی ئەزموونی چونکە ناوەندی ژمێرەیی کۆمەڵەی ئەزموونی گەیشتە (25.95) ، لە کاتێکدا ناوەندی ژمێرەیی بۆ کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو بریتی بوو لە (22.50)، وە ئەمەش کاریگەری ئەرێنی ستراتیژیەتی فێرکردنی هەمەجۆر دەردەخات لەسەر بەرزکردنەوەی ئاستی پارێزگاریکردنی دەستکەوتی زانیاری قوتابیان لە کرداری وانەوتنەوەدا .

3-4 خستنەڕوو و تاوتوێکردنی ئەنجامەکانی پەیوەست بە کۆمەڵەی ئەزموونی لە هەردوو تاقیکردنەوەی دەستکەوتی زانیاری و تاقیکردنەوەی پارێزگاریکردن لە دەستکەوتی زانیاری :

- گریمانەی سێیەم :

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٣)، هاوینی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

"جیاوازییەکی بەهاداری ئاماری نیە لە ئاستی (0.05) لە نێوان ناوەندی ژمێری نمرەکانی قوتابیانی کۆمەڵەی ئەزموونی لە هەردوو تاقیکردنەوەی دەستکەوتی زانیاری و پارێزگاریکردنی دەستکەوتی زانیاری" .

بۆ پشکنینی ئەم گریمانەیە ، توێژەر تاقیکردنەوەی تائی (T.test) بۆ دوو نموونەی پەیوەستدار بەکارهێنا بۆ زانینی جیاوازی ئاماری لە نێوان ناوەندی ژمێرەیی و لادانی پێوەری نمرەکانی تاقیکردنەوەی دەستکەوتی زانیاری و تاقیکردنەوەی پارێزگاریکردنی دەستکەوتی زانیاری لە بابەتی جوگرافیا بۆ کۆمەڵەی ئەزموونی ، هەروەك لە خشتەی (4) داتا و ئەنجامەکان خراونەتەڕوو :

خشتەی (4) خستنەڕووی ئەنجامی T.test بۆ دوو نموونەی پەیوەستدار لە نێوان نمرەکانی هەردوو تاقیکردنەوەی دەستکەوتی زانیاری و پارێزگاریکردنی دەستکەوت بۆ کۆمەڵەی ئەزموونی

| تاقیکردنەوەکانی کۆمەڵەی ئەزموونی | ژمارەی نموونە | ناوەندی ژمێری | لادانی پێوەری | پلەی ئازادی | هاوکۆلکەی R. Person | | بەهای T.test بۆ دوو نموونەی پەیوەستدار | | بەهاداری 0.05 |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | هەژمارکراو | ئەگەری Sig. | هەژمارکراو | ئەگەری Sig. | |
| دەستکەوتی زانیاری | 20 | 31.40 | 5.734 | 19 | 0.783 | 0.000 | 6.788 | 0.000 | بەهاداری ئامارییە* |
| پارێزگاریکردنی دەستکەوتی زانیاری | | 25.95 | 4.084 | | | | | | |

*بەهاداری ئامارییە چونکە (Sig.< 0.05) .

لە خشتەکە دەردەکەوێت بەهای ( Rی ئەگەری ) بریتییە لە (0.000) کە بچووکترە لە ئاستی بەهاداری (0.05) ئەمەش مانای بوونی پەیوەندییەکی ڕاستەوانەی بەهاداری ئامارییە لەنێوان هەردوو تاقیکردنەوەی دەستکەوتی زانیاری و پارێزگاریکردنی دەستکەوتی زانیاری وە هەروەها بەهای (Tی

گۆڤاری قەڵای زانست

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی(٦) – ژمارە(٣)، هاوینی ٢٠٢١

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئەگەری) کە یەکسانە بە (0.000) بچووکترە لە ئاستی بەهاداری (0.05) بە پلەی ئازادی (19) بۆیە لەژێر ڕۆشنایی ئەم ئەنجامانە گریمانەی سفری ڕەتدەکەینەوە و گریمانەی جێگرەوەیی پەسەند دەکەین کە بوونی جیاوازی بەهاداری ئاماری دەردەخات لە نێوان ناوەندی ژمێرەیی نمرەکانی تاقیکردنەوەی دەستکەوتی زانیاری و تاقیکردنەوەی پارێزگاریکردنی دەستکەوتی زانیاری لە بابەتی جوگرافیا بۆ تاکەکانی کۆمەڵەی ئەزموونی لە بەرژەوەندی تاقیکردنەوەی دەستکەوتی زانیاری.

4-4 خستنەڕوو و تاوتوێکردنی ئەنجامەکانی پەیوەست بە کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو لە هەردوو تاقیکردنەوەی دەستکەوتی زانیاری و پارێزگاریکردن لە دەستکەوتی زانیاری :

- گریمانەی چوارەم :

"جیاوازییەکی بەهاداری ئاماری نیە لە ئاستی (0.05) لە نێوان ناوەندەژمێرەیی نمرەکانی قوتابیانی کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو لە هەردوو تاقیکردنەوەی دەستکەوتی زانیاری و پارێزگاریکردن دەستکەوتی زانیاری " .

بۆ پشکنینی ئەم گریمانەیە ، توێژەر تاقیکردنەوەی تائی (T.test) بۆ دوو نموونەی پەیوەست بەیەکتر بەکارهێنا بۆ زانینی جیاوازی ئاماری لە نێوان ناوەندی ژمێرەیی و لادانی پێوەری نمرەکانی تاقیکردنەوەی دەستکەوتی زانیاری و پارێزگاریکردنی دەستکەوتی زانیاری لە بابەتی جوگرافیا بۆ تاکەکانی کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو ، هەروەك لە خشتەی (5) داتا و ئەنجامەکان خراونەتەڕوو :

خشتەی (5) خستنەڕووی ئەنجامی T.test بۆ دوو نموونەی پەیوەستدار لە نێوان نمرەکانی هەردوو تاقیکردنەوەی دەستکەوتی زانیاری و پارێزگاریکردنی دەستکەوت بۆ کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو

| تاقیکردنەوەکانی کۆمەڵەی ئەزموونی | ژمارەی نموونە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | پلەی ئازادی | بەهای هاوکۆلکەی R. Person | | بەهای T.test بۆ دوو نموونەی پەیوەستدار | | بەهاداری 0.05 |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | هەژمارکراو | ئەگەری | هەژمارکراو | ئەگەری | |

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٣)، هاوینی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

| | | | | | | Sig. | | Sig. | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| دەستکەوتی زانیاری | 20 | 25.90 | 4.887 | 19 | 0.884 | 0.000 | 6.668 | 0.000 | بەهاداری ئامارییە* |
| پارێزگاریکردنی دەستکەوتی زانیاری | | 22.50 | 4.347 | | | | | | |

*بەهاداری ئامارییە چونکە (Sig.< 0.05) .

لە خشتەکە دەردەکەوێت بەهای ( Rی ئەگەری ) بریتییە لە (0.000) کە بچووکترە لە ئاستی بەهاداری (0.05) ئەمەش مانای بوونی پەیوەندییەکی ڕاستەوانەی بەهاداری ئامارییە لەنێوان هەردوو تاقیکردنەوەی دەستکەوتی زانیاری و پارێزگاریکردنی دەستکەوتی زانیاری ، وە بەهۆی ئەوەی بەهای (Tی ئەگەری) کە یەکسانە بە (0.000) بچووکترە لە ئاستی بەهاداری (0.05) بە پلەی ئازادی (19) ، بۆیە گریمانەی سفری ڕەتدەکەینەوە و گریمانەی جێگرەوەیی پەسەند دەکەین کە بوونی جیاوازی بەهاداری ئاماری دەردەخات لە نێوان ناوەندی ژمێرەیی نمرەکانی تاقیکردنەوەی دەستکەوتی زانیاری و تاقیکردنەوەی پارێزگاریکردنی دەستکەوتی زانیاری لە بابەتی جوگرافیا بۆ تاکەکانی کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو لە بەرژەوەندی تاقیکردنەوەی دەستکەوتی زانیاری.

## 5. دەرئەنجامەکان و ڕاسپاردەکان و پێشنیارەکان :

### 1-5 دەرئەنجامەکان:

پاش چارەسەری ئاماری بۆ داتاکان ، و لە ژێر ڕۆشنایی ئەنجامەکانی توێژینەوەکە ، توێژەر گەیشتە ئەم دەرئەنجامانەی خوارەوە :

1- بەکارهێنانی ستراتیژیەتی فێرکردنی هەمەجۆر کاریگەری هەیە لەسەر دەستکەوتی زانیاری ، زیاتر لەو کاریگەریەی کە ستراتیژیەتی ئاسایی هەیەتی .

2- ستراتیژیەتی فێرکردنی هەمەجۆر بنەمای هاریکاری بەدەستهێنا لە نێوان مامۆستا و قوتابیان ، وە لە نێوان خودی قوتابیان لە کاتی کارکردنیان بە شێوەی گروپ .

3- ســەرکەوتنی کۆمەڵەی ئەزموونی بەکارهێنەری (ســتراتیژیەتی فێرکردنی هەمەجۆر) لەســەر کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو لە بڕی پارێزگاریکردنی بابەتەکە .

4- ئەنجامەکان سـەلماندیان کە نزیك بوون هەیە لە نێوان تاقیکردنەوەی پاشـەکی یەکەم و پاشـەکی دووەم لە کۆمەڵەی ئەزموونی بەکارهێنەری (ستراتیژیەتی فێرکردنی هەمەجۆر) .

5- جیاوازی هەیە لە نێوان تاقیکردنەوەی پاشـەکی یەکەم و پاشـەکی دووەم لە کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو بەکارهێنەری (ستراتیژیەتی فێربوونی پەیڕەوکراو) .

## 2-5 ڕاسپاردەکان :

لە ژێر ڕۆشنایی دەرئەنجامەکان ، توێژەر ئەم ڕاسپاردانە پێشکەش دەکات :

1- هاندانی مامۆســتایان لەســەر بەکارهێنانی ســتراتیژیەتی فێرکردنی هەمەجۆر لە وانەوتنەوەی بابەتی جوگرافیا بۆ دەستەبەرکردنی حەز و توانا و ئامادەگی و شێوازەکانی فێربوونی قوتابیان.

2- ڕاهێنانی مامۆســتایانی جوگرافیا لە قوتابخانەکان لەســەر چۆنیەتی بەکارهێنانی ســتراتیژیەتی فێرکردنی هەمەجۆر ، بۆ ئاشناکردنیان بە سوودەکانی ئەم ستراتیژیەتە و چۆنیەتی بەکارهێنانی لەناو پۆل .

3- چڕکردنەوەی توێژینەوە و لێکۆڵینەوەکانی پەیوەســت بە بەکارهێنانی ســتراتیژیەتی فێرکردنی هەمەجۆر ، و چۆنیەتی پلاندانانی و جێبەجێکردنی و هەمەجۆرکردنی ڕێگا و شێوازەکانی وانەوتنەوە ، و گشــتاندنی لەســەر نموونە جیاوازەکان ، وە بەرزکردنەوەی هۆشــیاری خوێنەر بەرامبەر گرنگی ستراتیژیەتەکە لە کرداری فێرکردن و فێربوون .

## سەرچاوەکان:

یەکەم: سەرچاوە کوردیەکان :

1- بکر ، ڕەنگین صــدیق (2016) ، کاریگەری بەکارهێنانی ســتراتیژیەتی وانەگوتنەوەی ڕێکخراوەیی لە بەدەستهێنانی مەعریفی قوتابیانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی و پارێزگاریکردنی لە بابەتی مێژوودا ، نامەی ماستەر ( بڵاونەکراوە ) ، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی ، زانکۆی سەلاحەددین - هەولێر ، هەرێمی کوردستان - عێراق .

2- دەروێش ، چیمەن هەمزە (2015) ، کاریگەری بەکارهێنانی شـێوازی فێربوونی هەرەوەزی لەسـەر دەستکەوتی قوتابیانی پۆلی دەیەمی ئامادەیی لە بابەتی ئەدەبی کوردی و گەشەپێدانی مەیلی ئەدەبی و نەریتەکانی عەقڵییاندا ، نامەی ماستەر ( بڵاونەکراوە ) کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی ، زانکۆی سەلاحەددین - هەولێر ، هەرێمی کوردستان - عێراق .

دووەم: سەرچاوە عەرەبییەکان:

3- أبو عبيد ، أحمد علي (2019) ، أثر أسـتخدام إسـتراتيجية التعليم المتمايز في تنمية مهارات التفكير الإبداعي و تحسين الإتجاهات نحو مقرر الرياضيات لدى طلبة الصف الثاني الثانوي ، مجلة العلوم التربوية و النفسية ، المجلد:3 – العدد:10 ، السعودية .

4- توق ، محي الدين و قطامي ، يوسف و عدس ، عبدالرحمن (2003) ، أسس علم النفس التربوي ، ط3 ، دار الفكر للطباعة و النشر ، عمان - الأردن .

5- توملينسون ، كارول آن (2005) ، الصف المتمايز:الإستجابة لإحتياجات جميع طلبة الصف ، ترجمة:مدارس الظهران الأهلية ، ط1 ، دار الكتاب التربوي للنشر و التوزيع ، السعودية .

6- جبر ، ايات محمد و عيال ، عبدالباسط محسن و غالي ، اسماء صادق (2018) ، أثر استراتيجية التعليم المتمايز في التحصيل لدى تلميذات الصف الخامس الإبتدائي في الرياضيات ، مجلة ميسان للدراسات الأكاديمية – العدد:34 ، العراق .

7- جري ، خضير عباس و الجابري ، علي خوام و عبدالعباس ، قصي و الزيدي ، رائد رسم و الساعدي ، سعد سوادي و الطائي ، ياسر عباس و الزيدي ، عدنان غركان (2018) ، طرائق التدريس العامة ( مفاهيم نظرية و تطبيقية ) ، ط1 ، الدار الجامعية للطباعة و النشر - بغداد .

8- حربي ، ضياء عويد و عبدالكاظم ، ذعاء عباس (2019) ، أثر استراتيجيتي التقويم البنائي و التقويم البديل في تحصيل طالبات المرحلة الإعدادية في مادة قواعد اللغة العربية ، مجلة مركز بابل للدراسات الانسانية – المجلد (9) – العدد (2) ، العراق .

9- حسن ، مها سلامة (2014) ، فاعلية إستخدام إستراتيجية التعليم المتمايز في تنمية مهاراتي القراءة و الكتابة لدى تلاميذ الصف الثاني الإبتدائي في مقرر اللغة العربية ، كلية التربية ، الجامعة الإسلامية – غزة .

10- حسنين ، أماني أحمد المحمدى (2016) ، فاعلية تدريس العلوم بأستخدام التعليم المتمايز في تنمية التحصيل و مهارات الإبداع و التفكير الناقد و التواصل لدى تلميذات الصف الرابع الإبتدائي ، مجلة دراسات عربية في التربية و علم النفس ، الجزء الثاني – العدد:69 ، مصر .

11- خماس ، نغم فلاح (2018) ، فاعلية استعمال التعليم المتمايز في تحصيل مادة التاريخ لدى طالبات الصف الخامس الأدبي ، مجلة كلية التربية الأساسية للعلوم التربوية و الإنسانية ، العدد:37 ، جامعة بابل ، العراق .
12- سالم ، فتحية صبحي (2006) ، استراتيجيات حديثة في التدريس ، كلية التربية – جامعة الإسلامية ، غزة - فلسطين .
13- سبيتان ، فتحي ذياب (2010) ، ضعف التحصيل الطلابي المدرسي - الرياضيات و العلوم العامة - الأسباب و الحلول ، دار الجنادرية للنشر و التوزيع ، الأردن ، عمان .
14- شهيد ، هدى محمد (2019) ، فاعلية التدريس باستعمال التفكير الابداعي في تحصيل طالبات الصف الرابع الأدبي في مادة الجغرافية ، مجلة كلية التربية الأساسية للعلوم التربوية و الإنسانية - جامعة بابل ، العدد:43 ، العراق .
15- شواهين ، خير سليمان (2014) ، التعليم المتمايز و تصميم المناهج المدرسية ، ط1 ، عالم الكتب الحديث للنشر و التوزيع ، الأردن .
16- صديق ، شريهان محمد (2017) ، فاعلية التعليم المتمايز في تدريس الدراسات الإجتماعية على تنمية بعض مهارات التفكير التأملي لدى تلاميذ الصف الخامس الإبتدائي ، مجلة كلية التربية – العدد:22 ، جامعة بورسعيد – مصر .
17- الصفار ، نشوان محمود (2011) ، أثر اسلوب التنافس الجماعي لذوات المجال المعرفي ( التأملي – الاندفاعي ) في تعلم بعض المهارات الأساسية بالكرة الطائرة و الاحتفاظ بها ، مجلة أبحاث كلية التربية الأساسية – المجلد:11 ، العدد:1 ، جامعة الموصل - العراق .
18- عباس ، نزار كاظم (2013) ، أثر استخدام التمثيلات الرياضية في التحصيل الدراسي و الاحتفاظ بالتعلم في مادة الرياضيات لدى طلاب الصف الأول المتوسط ، مجلة كلية التربية ، العدد: 21 ، جامعة واسط - العراق
19- عبدالرحمن ، خالد يوسف (2019) ، أثر التدريس المتمايز في اكتساب المفاهيم العلمية و مهارات عمليات العلم و الاتجاه نحو العلوم لدى طلاب الصف السابع الأساسي ، كلية التربية ، جامعة اليرموك - الأردن .
20- عبدالسميع ، هدى (2016) ، أثر استراتيجية التعلم المرتكز على المشكلة في مستويات بلوم ( فهم و معرفة و اكتشاف ) الأهداف السلوكية للتحصيل المعرفي لمادة طرائق التدريس - المرحلة الثانية لكلية التربية الرياضية ، كلية التربية البدنية و علوم الرياضة للبنات ، جامعة بغداد - العراق .

گۆڤاری قەڵای زانست

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی(٦) – ژمارە(٣)، هاوینی ٢٠٢١

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

21- عبدالقادر ، محمود هلال (2019) ، أثر أســتخدام مدخل التعليم المتمايز في أكتســاب تلاميذ المرحلة الإبتدائية لبعض التراكيب اللغوية و تنمية مهارات الأداء اللغوي لديهم ، مجلة الدراسات التربوية و النفسية ، مجلد:13 – عدد:2 ، جامعة السلطان قابوس – عمان .

22- عبيدات ، ذوقان و أبو السميد ، سهيلة (2007) ، استراتيجيات التدريس في القرن الحادي و العشرين:دليل المعلم و المشرف التربوي ، ط1 ، دار الفكر ، عمان – الأردن .

23- العساف ، صالح بن حمد (1995) ، المدخل الى البحث في العلوم السلوكية ، ط1 ، مكتبة العبيكان للنشر ، الرياض - سعودية .

24- كوجك ، كوثر حسـين و مصـطفى ، ماجدة و فرماوي ، فرماوي محمد و أحمد ، علية حامد و خضـر ، صـلاح الدين و عياد ، أحمد عبدالعزيز و فايد ، بشـــرى أنور (2008) ، تنويع التدريس في الفصـــل دليل المعلم لتحســين طرق التعليم و التعلم في مدارس الوطن العربي ، مكتب اليونســكو الإقليمي للتربية في الدول العربية ، بيروت - لبنان .

25- محمد ، خالد (2015) فاعلية التعليم المتمايز في تحسـين مسـتوى الدافعية نحو تعلم العلوم لدى التلاميذ الصم بالمرحلة الإبتدائية ، مجلة كلية التربية ، المجلد:1 – العدد:163 ، جامعة الأزهر – مصر .

26- مظلوم ، حســين جدوع و كاظم ، رعد طالب (2016) فاعلية التعليم المتمايز في تنمية مهارات التفكير التاريخي لدى طلاب الصــف الخامس الأدبي في مادة التاريخ الأوروبي ، كلية التربية – جامعة القادســية ، العراق .

27- محمد ، قانعة أدم (2014) ، فاعلية ستراتيجية الرؤوس المرقمة للعمل معا في التحصيل و تنمية الاتجاه نحو مادة الجغرافية لدى طالبات الصف العاشر الأساس ، رسالة ماجستير ( غير منشورة ) كلية التربية الأساس ، جامعة صلاح الدين - أربيل ، أقليم كردستان - العراق .

28- محمد ، مروة محمد (2014) ، أثر استخدام التدريس المتمايز في تنمية التحصيل و بعض عادات العقل لدى تلاميذ المرحلة الإبتدائية متبايني التحصيل في مادة العلوم ، كلية التربية ، جامعة بورسعيد - مصر .

29- محمد ، موسى عبدالمعين (2014) ، أثر استخدام إستراتيجية التعليم المتمايز على التحصيل الدراسي في مقرر لغتي لدى تلاميذ الف الخامس الأبتدائي ، كلية التربية ، جامعة الملك خالد – السعودية .

30- مخلف ، محسـن حسـين و عبيد ، ميلاد إبراهيم (2016) ، التعليم المتمايز رؤية نظرية تطبيقية في تدريس اللغة العربية ، مجلة كلية التربية الأساسية ، المجلد:22 – العدد93 ، الجامعة المستنصرية .

31- مظفر ، يحيى يحيى و مهدي ، عبدالله عباس (2017) ، أثر أســتخدام إســتراتيجية التعليم المتمايز في تدريس الرياضـيات على التحصـيل و مفهوم الذات لدى طلبة المرحلة الأسـاسـية بمحافظة حجة ، المجلة العلمية لكلية التربية - جامعة أسيوط ، المجلد:33 ، العدد:1 ، مصر .

32- معيض ، معيض بن حسن (2011) ، أثر أستخدام إستراتيجية التعليم المتمايز على التحصيل الدراسي في مقرر اللغة الأنجليزية لدى تلاميذ الصف السادس الأبتدائي ، كلية التربية ، جامعة أم القرى – السعودية .

33- هاشم ، سامية (2016) ، تفعيل دور التكنولوجيا في التعليم المتمايز ، مجلة عجمان للدراسات و البحوث ، المجلد:الخامس عشر ، العدد:الثاني ، الإمارات .

سێیەم: سەرچاوە بیانیەکان

34- Alshareef, Farhad (2015), The Effectiveness of Differentiated Instruction in Developing EFL Listening Comprehension Skills and Creative Thinking among Third Secondary students, Umm Al Qura Universit ,. مجلة البحث العلمي في التربية ، العدد:16

35- Blaz, Deborah (2006), Differentiated Instruction; A Guide for Foreign Language Teachers, 1st ed. – Eye On Education, New York.

36- Gangi, Suzanna (2011), Differentiating Instruction using Multiple Intelligences in the Elementary School Classroom, University of Wisconsin-Stout, U.S.A.

37- McLean, Vivian Marina (2010), Teacher Attitude Toward Differentiated Instruction in Third Grade Language Arts, University of Southern Mississippi, U.S.A.

38- Pastein, Lacey (2017), Differentiated Instruction in Literacy and Allowing self- selected Texts for Student Reading Engagement, Department of Curriculum; Teaching and Learning, University of Toronto, Canada.

39- Ramona, Todericiu & Alexandra, Boanta (2019), Knowledge Retention Withen Small and Medium – Sized Enterprises, Lucian Blaga University of Sibiu – Romania.

چوارەم:سەرچاوە ئەلیکترۆنیەکان

40- https://en.wikipedia.org/wiki/Carol_Ann_Tomlinson

41- https://en.wikipedia.org/wiki/Howard_Gardner

گۆڤاری قەڵای زانست

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی(٦) – ژمارە(٣)، هاوینی ٢٠٢١

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# The Effect of the Differentiated Instruction Strategy on Developing students' Cognitive Achievement of the Twelfth Literary Grade in Geography and Retaining it

**Pakhshan Hawez Hasan**
Department of Social science, College of Basic Education, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq
paxshanhawez88@gmail.com

**Prof. Dr. Hussen Saadi Ibrahim**
Department of Single Games, College of Physical Education and Sport Sciences, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq
hussein.ibrahim@su.edu.krd

**Asst. Prof. Dr. Serwan Arab Sadiq**
Department of Social science, College of Basic Education, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq
serwan.sadiq@su.edu.krd

## Abstract

Differentiated Instruction is one of the modern strategies which is going to be investigated in this study in teaching Geography of the twelfth literary grade.

To tackle the problems of this study Two questions are addressed, including:

1- Does Differentiated Instruction have an effect on raising the twelfth literary grade students' cognitive achievement in geography.

2. Does the Differentiated Instruction have an effect on promoting of Retaining the twelfth literary grade students' cognitive achievement in geography.

This study aims at the following:

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

1. Identifying the impact of the strategy of Differentiated Instruction and traditional learning strategy in improving students'cognitive achievement in geography of twelfth literary grade in Chinar high school for girls, located in the centre of Erbil province.
2. Identifying the differences of developing students'cognitive achievement and Retaining achievement in geography for female students in twelfth literary grade for experimental and control groups in both post-tests (Cognitive Achievement test and Retaining Cognitive Achievement test).
The researcher used the experimental research design for two groups: the control group who were taught by using (traditional strategy) and the experimental group of the study who were taught by using (Differentiated Instruction strategy).
In the end the Achievement test was administered to both of the research groups. After passing 14 days, the test of Retaining the achievement was repeated to the same research groups.
The researcher used the the statistical package (SPSS) for analysing data, and in the light of the results of the study, the researcher concluded the following:
1. Using Differentiated Instruction has a greater effect on cognitive achievement than the effect of the traditional strategy.
2. Differentiated Instruction achieved the cooperation principle between teacher and students, and among students themselves while working in groups.
3. The success of the experimental group upon the controlled group instead of keeping of the subject.
4 -The results proved that there is an approximation between the first post- and the second post-tests in the experimental group.
5. There is a difference between the results of the first and second post-tests of the controlled group.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٣)، هاوینی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## ملخص البحث

التعليم المتمايز من الإستراتيجيات المعاصرة و التي من خلال هذا البحث نطبقها على مادة الجغرافية لطالبات الصف الثاني عشر الأدبي .

لحل مشكلة هذا البحث ، طرح الباحثة السؤالين التاليين :

1- هل أن إستراتيجية التعليم المتمايز يؤثر على تنمية التحصيل المعرفي لطالبات الصف الثاني عشر الأدبي لمادة الجغرافية ؟
2- هل أن إستراتيجية التعليم المتمايز يكون مؤثرا في رفع مستوى الإحتفاظ على تحصيل المعرفي لطالبات الصف الثاني عشر الأدبي لمادة الجغرافية ؟

و هذا البحث له أهداف عديدة من أهمها :

1- تحديد تأثير إستراتيجية التعليم التعليم المتمايز والتعليم الاعتيادي في تنمية التحصيل المعرفي لطالبات الصف الثاني عشر الأدبي (البنات) لمادة الجغرافية في إعدادية چنار للبنات في أربيل.
2- تحديد اختلافات التأثير في تنمية التحصيل المعرفي ، و الإحتفاظ على مادة الجغرافية لطالبات الصف الثاني عشر الأدبي (البنات) ، للمجموعة الضابطة والمجموعة التجريبية في كلا الامتحانيين النهائيين (التحصيل المعرفي و الإحتفاظ عليها) .

و إستخدمت الباحثة المنهج التجريبي ، و اعتمدت على المخطط التجريبي للمجموعتين : ( مجموعة الضابطة والمجموعة التجريبية) ، بحيث أن مجموعة التجريبية اعتمدت في الدراسة على التعليم المتمايز ، واعتمدت المجموعة الضابطة في دراستها على التعليم الاعتيادي ، وفي الختام أجريت اختبارات التحصيل المعرفي لكلا المجموعتين ، وبعد مرور فترة معينة والتي كانت (14) يوما ، أجريت مرة أخرى اختبار التحصيل المعرفي (اختبار الإحتفاظ) ، اعتمد الباحثة على التطبيق الاحصائي (Spss-Version21) للحصول على النتائج ، وفي ضمار البحث ، توصلت الباحثة إلى مجموعة من النتائج :

1- استخدام إستراتيجية التعليم المتمايز في التحصيل المعرفي تأثيره أكبر من إستراتيجية التعليم االاعتيادي .
2- إستراتيجية التعليم المتمايز أعطى أساس تعاوني بين كل من التدريسي والطالب ، وكذلك بين الطلبة أنفسهم أثناء عملهم كمجموعات .
3- غلبت المجموعة التجريبية على المجموعة الضابطة في الإحتفاظ على المادة .
4- النتائج أقرت بوجود تقارب بين الامتحانات النهائية الأولى والثانية ، في مجموعة التجريبية .
5- هناك فرق بين الامتحانات النهائية الأولى والثانية في المجموعة الضابطة .